KURDISHeBook.com
کتێبخانەی کوردی ئەوین
@KURDISHeBook

# بەرەژان

شلێر ڕەشیدی



kurdishebook.com
@KURDISHeBook

به ناوی خولقێنەری ژین و ئەوین

evinebook.blogfa.com

# بەرەژان

سەرجەم شێعرەکانی

شلێر ڕەشیدی

# ناسنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | بەرەژان |
| شاعیر: | شلێر رەشیدی |
| ساڵی چاپ: | ٢٧١٣ی کوردی |
| ئەژمار: | ١٠٠٠ دانەی خشتی |
| پیتچن و ڕازاندنەوەی ناوەرۆک: | |
| بڵاوگە: | |

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

# پێڕست

پێشەکی ئاسۆ ..........
پێشەکی شوعلە بەیگ‌زادە ..........
بەشی یەکەم ..........
گوڵ و بولبول .......... ٢٠
تەنیا .......... ٢٢
تەخمیسی غەزەلێکی ((شلێر)) لە لایەن ((ئاسۆ))وە .......... ٢٣
درۆ .......... ٢٦
عەشقی کاڵکەندە .......... ٢٧
چاوەڕوانی .......... ٢٩
شاری پڕ لە ئازار .......... ٣٠
مەستی .......... ٣١
کزەی کۆچ .......... ٣٤
لۆمە .......... ٣٥
غەمزەدە .......... ٣٦
دەردی ئەوین .......... ٣٧
زەمهەریری بێ‌کەسی .......... ٣٨
بەزمی دڵ .......... ٣٩
پیری .......... ٤٠
چاوەڕێیی .......... ٤١

evinebook.blogfa.com

خەم ........................................ ٤٢

بەشی دووەم ........................................ ٤٤
قیژەی حەز ........................................ ٤٥
مەنوو ........................................ ٤٦
هێلانە ........................................ ٤٨
ئەنفال ........................................ ٤٩
شین ........................................ ٥٠
دۆڕان ........................................ ٥١
جەللاد ........................................ ٥٢
عەشق ........................................ ٥٣
غەوارە ........................................ ٥٤
هیجران ........................................ ٥٥
نامورادی ........................................ ٥٦
کۆیلە ........................................ ٥٧
وتم مەڕۆ ........................................ ٥٩
دیل ........................................ ٦٠
تاسەبار ........................................ ٦٢
ژاکاو ........................................ ٦٣
گۆمی ڕەش ........................................ ٦٥

ئەستراتژی ............ ٦٦
بارمتە ............ ٦٣
خۆشویستن ............ ٦٨
پەرژین ............ ٦٩
مردنی سۆز ............ ٧١
ڕکعەتی گوناه ............ ٧٢
داوی شەو ............ ٧٤
بۆچی هاتی ............ ٧٦
تەمەن کەمە ............ ٧٧
ڕووناکی عەشق ............ ٧٨
سەربەستی ............ ٧٩
ڕواندن ............ ٨٠
وەبیرت دێ؟ ............ ٨١
خەمڵاو ............ ٨٢
کێڵگە ............ ٨٤
بۆت ئەگەڕێم ............ ٨٥
کۆسپ ............ ٨٦
کانی حەز ............ ٨٧
غەریب ............ ٨٨
مردن ............ ٨٩

مەرگی تریفە ........ ٩٠
خەیاڵ ........ ٩١
گڵکۆ ........ ٩٢
فرمێسک ........ ٩٣
زانین ........ ٩٥
زام ........ ٩٥
ژان ........ ٩٦
ڕق ........ ٩٧
شەپۆلی خەیاڵ ........ ٩٨
خەڵوەتی شەو ........ ٩٩
بێزوو ........ ١٠١

بەشی سێهەم ........
تەمەنی بێهوودە ........ ١٠٥
کەلەبچە١ ........ ١٠٨
شەو پەرستی چاوەکانت ........ ١١١
ناڵین ........ ١١٤
زامی نهێنی ........ ١١٦
هەڵواسین ........ ١١٩
زامی ناسۆر ........ ١٢١

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

گومان ..................... ١٢٥
چیتان ئەوێ؟ ..................... ١٣١
زەردترین دڵدار ..................... ١٣٤
خەمێکی شکۆدار ..................... ١٣٦
ئەستێرە ..................... ١٤٢
تاسە ..................... ١٤٥
تاپۆ ..................... ١٤٨
هاوار ..................... ١٥١
من ئەم چرکە زۆر مناڵم ..................... ١٥٣
عاشقە ڕووتە ..................... ١٥٨
یادت نەچێ ..................... ١٥٩
درۆی سپی ..................... ١٦١
کەلەبچە٢ ..................... ١٦٣
خەو ..................... ١٦٥
هیوا ..................... ١٦٨
بۆ دایکم ..................... ١٧٠
زام ..................... ١٧٢
شەمۆ ..................... ١٧٤
مەمترسێنە ..................... ١٧٦
شەرەف ..................... ١٧٨

evinebook.blogfa.com

سنوور ........ ١٨٠
هاوارێک و مەودایەک ........ ١٨٢
بازەوان ........ ١٨٤
کام ئاسۆ ........ ١٨٦
خێوەتی ئەوین ........ ١٨٨
ژن و ئەوین........ ١٩٠
دیدە لە خوێنا شەڵاڵ ........ ١٩٣
بردن ........ ١٩٥
شۆڕش ........ ١٩٧
ژنێک ........ ١٩٦

# بەشی یەکەم

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



# گوڵ و بولبول[1]

-: چەنێ جوانە و چەنێ لێت دێ بە پیری دڵتەڕی قوربان
ئەگەر لایەنگری عەشقی بفەرموو تۆش وەرە مەیدان
+: شلێر و شەشپەڕ و هێرۆ و گەزیزە هەر گوڵن ئەمما
کە ناوی تۆ دەبیسن گشت لە ژێر خاک خۆ دەکەن پـــــــــــــــــــــــــــــــــــــەنهان
-: وەرە ناو دایرە قوربان ئەگەرچی ناوی بەد ناوە
لە کۆڕی عاشقان بەدناو بمێنی خۆشترە باوان
+: بە پووشی شۆرەت و ناوم لە سەر تۆ گەر نەبم ریسوا
مەگەر بەم شوعلە خۆ دەرخەم لە تاریکی خەمی ئینسان
-: ئیلاهی شێتم ئەمشەو، دەربەدەر، لەیلای بێزارم
لە نێو وێرانی بەدمەستی شکا شیشەی وەفای یاران
+: منم مەجنوونەکەی ئاوارە و بێزاری ئەم شارە
فیدای شەرت و بەقات بم کوانێ شەوق و زەوقەکەی جـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــاران
-: خەزانی فیرقەتی دڵدار، هەڵیکێشام لە شالاوێ
مەگەر ئوستادی زانا بێت نیشانم دا ڕچەی ئاسان
+: ئەتۆ نازانی من خاکم؟ لە بۆچی ئەمدەیە بەر با؟!
ئەتۆ نازانی من نەوتم؟ برووسکەم بۆ ئەدەی نیشان؟!

[1]. ئەم شێعرە، شێعرێکی هاوبەشی ئاسۆ و شلێرە؛ -: شلێر / +: ئاسۆ



evinebook.blogfa.com

-: دەبینی گیانی من ئاوا، گوڵی ئەمساڵ هەمووی ژاکا
بزەی غونچەی نەپشکووتوو، مەجال نادا خەمی دەوران
+: ((شلێر))ە زەرد و بێڕەنگە، گەزیزە مات و بێدەنگە
بەڵێ ((ئاسۆ)) گەلێ نەنگە، بەهاری بێ پەڵەی باران

* * *

# تەنیا

بڵـێن ئاسـۆ: غـەریبی شـاری خـۆمم بـێ سـەر و سـەودا
گـەڵێ هـیچم بـە تـەنیایی لـە نێـو شـارێکی پـڕ خـەودا
بڵـێن ئاسـۆ: ئـەرێ کـوا ڕوونـە ئاسـۆ بـۆ کچـی فـەردا؟!
بە چی دڵخۆش دەکەی ئەشقت ها لە نێو بەندی ڕەشی
شـــــــــــــــــەودا؟!
بڵـێن ئاسـۆ: کەسیرەم مـن لـە کووچـە و قـوژبنی شـارا
قـوڕی عالـەم بـە سـەر کـەم مـەر، کـە لاشـەم بێدڵـە و
مـــــــــــــــــەودا
بڵـێن ئاسـۆ: بڵێـی چـۆن تێپـەڕێـنم ژینـی پـڕ ژانـم؟
لە ڕووم کەوتوون تـەمی پیری لە دووری و کۆچەکەی
ئـــــــــــــــــەودا
ئـەوا مـن کۆنـە ڕاوچـی شـار پڕووکـاوم لـە تەکیـەیدا
ئەگەر من ببمە زاهید خەرمەنم کێ لێ شەن و کەودا؟
کـە لاوم گشـتی تاسـاوە لـە بیـری کـۆن و بـێ نرخـا
ژنی شارم هەمووی خنکا لە بێ هەستی و زگ و زەودا

* * *

## تەخمیسی غەزەلێکی ((شلێر)) لە لایەن ((ئاسۆ))وە

هــەتا کۆنەپەرســتی بــاوی مــابێ هــەر هــەیــە مــەودا
دەبــێ حــاڵی چ بــێ بولبــول لــە تــاریکی و ڕەشــی شــەودا
دەڵــێ ئــەو یــارە وا نێــوی لــە عەکســی ماهەکــەی نــەودا
بڵــێن ئاســۆ غــەریبی شــاری خــۆمم بــێ ســەر و ســەودا
گــەلێ هــیچم بــە تەنیــایی لــە نێــو شــارێکی پــڕ خــەودا

هــەتا کــەنگێ دەبــێ ئێمــە کــوڵابێتین لــە نێــو دەردا
شــەتاوی تانــە وەک ســێڵاو لــە پــیس و پاکمــان وەردا
هەمووماــن شــەش‌دەر و مــاتین لــە نێــو شــەترەنج و نێــو نــەردا
بڵــێن ئاســۆ ئــەرێ کــوا ڕوونــە ئاســۆ بــۆ کچــی فــەردا؟
بە چــی دڵخــۆش دەکــەی ئەشــقت هــا لە نێــو بەنــدی ڕەشــی شــــــــــــــــــــــــەودا؟!

ئــەوەی شــادی و نەشــەی ژیــن بــێ لــە نێــو ئــەم خاکــەدا تــارا
هــەموو خــەوتووین و نــازانین لــە بــەر چــاو و دەمــی مــارا
هــەموو ئەمڕۆکــەمان ڕۆیــی لــە خۆزگــەی خۆشــییەکەی پــارا
بڵــێن ئاســۆ کەســەر مــاوم لــە کووچــە و قــوژبنی شــارا

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



قوڕی عالەم بە سەر کەم مەر کە لاشەم بێ دڵە و مەودا

تەمەن ڕۆیی و خەزان هات و منیش هەروام لە نێو خەودا
فەقەت خۆشی ژیانم ڕووی لە نێو بەستەی ئەم و ئەودا
لە عەسرێکدا پەت و دار هەڵخرا بێ کوا سەری سەودا؟
بڵێن ئاسۆ بڵێی چۆن تێپەڕێنم ژینی پڕ ژانم؟
لە ڕووم کەوتوون تەمی پیری لە دووری و کووچەکەی ئەودا

خەرابات پاک خەراب بوو، خانەقاکان وان لە حەی‌حەی-دا
پیاڵەی عاریفان ون بوون لە نێو مەیدانی بێ مەیدا
دڵم قەت تێر نەبوو ساتێ لە نێو بازاڕی ئۆخەیدا
ئەوا من کۆنە ڕاوچی شار پڕووکاوم لە تەکیەیدا
ئەگەر من ببمە زاهید، خەرمەنم کێ لێ شەن و کەودا؟

هەموو عومری عەزیزم چوو لە ژینی چۆنی بێ نرخا
هونەر فەوتا لە نێو عەسری مس و فافۆن و بێ نرخا
شێعر سووتا لە نێو چەپڵە و گزە و ساڵۆنی بێ نرخا
کە لاوم گشتی تاساوە لە بیری کۆن و بێ نرخا



evinebook.blogfa.com

ژنی شارم هەمووی خنکا لە بێ هەستی و زگ و زەودا

* * *

# درۆ

ئێستەکەش سوجدە دەبەم من بۆ ژوانێکی تەواو
شەرمەزارم لەم ولاتە بۆ نەبوو پاکی بە ناو
داخەکەم باخی هەرێمی عەشق و دڵداریم وەری
سەد بەری میوەی ڕزی، نەیگەیە هانا کانیاو
عاشق و مەستی وەکوو من بەس بە ئەفسانەی هەبوو
یار بە پاییزی جودایی دایڕزان ڕۆحم بە تاو
ڕووم لە بازاڕ و هەواری هەر مرۆڤێکی دەکرد
قەت بە ڕووی جوانی سەداقەت بۆم نەهاتە گفت و داو
ساڵگارێکە بە تەنیا ڕێ دەپێوم من لە شار
هەر دەڵێی نەبووە لە دایک دڵبەری سەودایی چاو
مەنعی شیرینێ مەکە گەر فیکری فەرهادی نیە
ڕێگە دەبڕی و خوێن دەنۆشی بێ ژوان و خورد و خاو
دڵبەرێکی بێ وەفایی دڵرەق و بێمار بوو
کوشتمی و ئاساری سۆزم یەکبەیەک لێم بوون تەواو

* * *

# عەشقی کاڵکەندە

ئەگـەر جوانیـت دڵـم ئـەگریَ بـە چیرۆکـی گـڕا گـەڕیـام
بــە گیانــت داســتانێکە بەســەرهاتی ڕەشــی دونیــام
مـەڵـیَ بیڵـێم شـەهۆی ژیـنم کـە دارسـتانیَ پێـی سـووتا
گرێکــی تاقــەت ئەســتێنە لــە نێــو بــازاڕی لاویمــا
ئەترســم گیانەکــەم بــاڵای نمــامی تــۆ بژاکــیَ پێــی
هـەموو هەسـتت وشـک بێـت و عەشـق مانـا لـە دەس دا
لێــــــــــــــــــــــــــــــــی
کــە سەرخۆشــی و نیگــاری خـۆت بـەرەو ژینـی تـەڕت
دەتبــــــــــــــــــــــــــا
هـەزار دەرد ون دەکـا لای مـن کـە چـاوت یـادی یـارت
کــــــــــــــــــــــــــــــا
کــە بــاڵای تــەرزی عەنبــەربۆت لــە بــەر دەرکــی دڵ
ئــــــــــــــــــــــــــەدوێنم
عەهـد وابـوو کـە داخـی عەشـقی کاڵکەنـدەم بسـووتێنم
نـەڵـێم و قـەت نـەدرکێنم کـە چـەن جـاران ژوانـم دی
کــەچی کــامی دڵــم ڕمیــا، فیراقــی دڵبــەرانم دی
بـە فرمێسـک دێمـە گـۆ مـن بـۆ فیـراق و کۆچەکـەی
گــــــــــــــــــــــــــــۆڕم
کە دەیکەم شانە تانوپۆی هەزار مانای قژی شۆڕم

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

بە یادی پاسەوانی دۆست بە هەڵچوونی بە چاو گەر
دێـــــم
بـــزەی تـــاڵی پـــەژیوانی بـــەرەو گـــۆڕی ســـڕ ئەیمـــاڵیم
ئـــەمن نـــازداری دڵـــدار و ئـــەمن جـــوانی ژوانـــان بـــووم
مـــەژاکێنن، مـــەپـــروێنن گـــوڵی ســـووری ڕەفێقـــی ڕووم
لـــە نێـــو ســـینەی وەرەم گرتـــووم دڵـــێکم هـــەن پـــڕی ئـــازار
دەڵـێ ژیـن قـەت وەفـای نـابێ بـزانن قـەدری نێـو گـوڵزار

* * *



evinebook.blogfa.com

# چاوەڕوانی

چـاوەڕوانـی چاوەکـەت چـاوی بـە خـەم کـردم خومـار
بـەس لـە خۆبـایی بـڕۆ بـا بـەس بکێشـم ئینتیـزار
کـەی ئەکێشـی ئـەو خەمـەی شـێواندی شـێوەی لاوەتـیم
وا مـەڕۆ تـەنیا عـەزیزم ڕۆح و جەسـتەم، بـوون شـەقار
دەک شـەو و ئێـوارە بـڕوا بـا لـە ناڵـەی شـەو کـەوم
بـا ببینـی بێ‌کەسـیم و دەرکـەوێ کـۆچ و هـەوار
گـەر هـەتاویش بێتـە پێشـم چاوەکـانم لێڵـی لێـڵ
ژوانـی مـن هـەر چـۆڵی چۆڵـە و ڕۆژەکـانم تـاری تـار
خـاکی کـۆڵانم سـەدان جـار بـوو بـە جێـی سـوجدەی عەشـــــــق
چەشـنی وەحشـی ویڵـێ سـارام چۆڵگـەیـە شـوێنی قـەرار
دەک خـودا نـەیـدەی بـە کـەس قـەت ئـەو دڵـەی ویرانـــــــەیـــــــــە
وەک وەتـەن بـێ لـەتلـەتی کـەن بێتـە مـردووی بێ‌مـــــــــــەزار
نـایی نـەزمی دڵ ببینـی؟ وەختـە سـینەم شـەق بـەرێ
وام لـە تـەک سـللولی عەشـقا، نـایی بـۆ لام جاروبـار؟
شـەرتە ناڵـەم بێتـە کۆتـا گـەر بیـەی بـۆ داوەتـم
کـەی ئـەمن بـێ تـۆ ئـەمێنم؟! هـام لـە شـارمدا غـەوار

* * *

## شاری پڕ لە ئازار

گوڵەکەم شاری دڵم پڕپڕی ئازارە، دەڕۆم
چاو لە هەر شوێنێ دەکەم لانی سەگی هارە دەڕۆم
مەکە بڕوا کە وەفای لا نیە کەس تاڵە ژیان
مەکە باوەڕ کە بەزەی کەس نیە لەم شارە دەڕۆم
گوڵی ئەم شارە بە بای پووڵ و پەڵە پێدەکەنن
تاوەکوو پووڵ و پەڵە حاکم و سالارە دەڕۆم
تکە فرمێسکی بە خوێن سوور ئەسەری بیری سڕە
نیە بژوێن کە بدەین پیاڵە لە یەک عارە دەڕۆم
گوڵەکەم لێم گەڕێ با قاڵی قسەی کۆن بشکێ
لە وڵاتێ کە جەزا، بەند و پەت و دارە دەڕۆم
بە وتەی شێعری حەریرت دڵی وێران دەهەژێ
تۆ نەبی کۆتری کوێستان لە قەفەس خارە دەڕۆم
دڵی شاعیر دوڕڕە، ئاڵتوون و گەوهەر، تان و پۆی

بـــەختی ئـــاوێنەیەکی پـــڕ خەم و ئـــازارە دەڕۆم
گـــڕی قیـــنم نەچزێنـــێ کە دڵـــی بەردی نەیـــار
باشـــترە مەرگـــی ((شـــلێر)) لەم ســـەرە بێـــزارە، دەڕۆم

* * *

## مەستی

وەرە ئـــەی مـــانگی جـــوانی نـــاو شـــەوانم
کـــە هـــۆنراوەت وەکـــوو مەرهـــەم دەزانـــم
مـــن ئەمشـــەو مەســـتی ســـەودای چاوەکـــانیم
دەبزوێنـــــــێ دڵ و ســـــــەرچاوەکانیم
لـــە پـــاش عـــومرێ ژیـــان بـــۆ مـــن بـــەهارە
کـــە ڕووی وەک گـــوڵ لـــە پشـــکووتن دیـــارە
وەرە بـــــۆ بـــــەزمی مـــــاڵی دڵ عـــــەزیزم
بپرســـــە جـــــارێ حـــــاڵی دڵ عـــــەزیزم
کـــە دەیبینـــی بـــە شـــەو خـــۆر دێتـــە ئاســـمان
بـــــە ئاســـــایی ببینـــــە بـــــەزمی ڕنـــــدان
گـــــوڵی مـــــن ڕەونـــــەقی ژینـــــی بەتاڵـــــە
کـــە چـــەن ســـاڵەم بـــەڵام دڵ بـــۆی مناڵـــە
وەرە بڕوانـــــە دڵبـــــەر مـــــەحشـــــەری کـــــرد
تـــەڕایـــی لـــەو دڵەی مـــردووم ســـەری کـــرد

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

ئــەوا مەسـتم بــە بــێ بـادە بــە بــێ مــەی
وەرن دەسـتم گـرن تێــکەن پەیاپەی

ئیلاهــی هــەر بــەهارت ســەرووەری بــێ
دڵــی شــاعیر دەبــا بــۆ دڵبــەری بــێ
وەرن دەســتم گــرن هیــوای دڵــم هــات
دە مــەگرن ڕێگــە لــەو قەلبــەی کـش‌ومـات
ئــەرێ یــارم بــە بــاڵای عەنبــەری دێ
مەکـەن مـەنعم ئەشـق هـەر سەرسـەری دێ
دە مـەی تێکـەن پـەیاپـەی تـا سـەحەر دێ
بــەڵێنــی داوە پــێم یــار بــێ نــەزەر دێ
مەکـەن مـەنعم لـە شـێتی کـاتێ ئـەو دێ
شــنەی بــۆنی هەناســەی کــاتێ شــەو دێ
دڵــی مــردوو دەبزوێنــێ بــە نەشــئەی
لــە بــەر ئــەو وادە بــۆم تێکـەن پـەیاپـەی
خودایــا دێمــە دەرگــەت وەک غــوڵامێ
دە بگــرە دەســتی داخــوازی مــەرامێ
خــەڵـک دێنـە تکـات بـۆ سـەهمی ئیمـان
ئــەمن هــاتووم نیگــاهێ کــوا لــە چــاوان؟
ئــەتۆ دونیــات لــە پێنــاو عەشــقە ســازان

بەرگی یەکەم



evinebook.blogfa.com

ئـــەتۆ بـــۆ ئـــەو بـــە تـــا ڕوونـــاکی ڕازان
مەکـــە مـــەنعم عەشـــق بـــێ وادەیـــە و دێ
ببـــەســـتە چـــاوی دوژمـــن کـــاتێ ئـــەو دێ
غوڵامـــت بـــم لـــە ســـەر پـــردی قیامـــەت
گوناهبـــارم نەکـــەی نـــەگرم نەدامـــەت
دڵـــم پـــاکی بـــە قـــەد پـــاکی گوڵانـــە
بنێـــــره خۆشەویســـــتی بەو دڵانـــــە
دڵـــم پـــاکی بـــە قـــەد جـــوانی ((شـــلێره))
خودایا جامێ ڕەحمەت بۆم بنێره

* * *

# کزەی کۆچ

بە یادی تۆ هەتا کەنگێ هەناسەی ساردم هەڵکێشم
لە حەسرەت ئاوری دووریت ئەسووتێ مەسکەن و جێشم
ئەوا تینی گڕی کۆچت ئەسووتێنێ دڵی وێڵم
لە هیجری مێهرەبانیتا لە شۆستەی‌دا بە دەروێشم
هەتا ڕۆژێ منیش نۆبەی سەفەر بمکا بە میوانت
خەرابی نێو خەرابات و جگەر سووتاوی لای خێشم
بە گیانی تۆ کزەی کۆچت دەسووتێنێ ڕوخی زەردم
هەتا قەسری قیامەت دێ لە بۆ جوانیت خەفەت‌کێشم
ئەمن داماوی ئەو ئاخەم کە ئەتکێشا بە پەنهانی
هەتا مردن عەزیزی دڵ بەڵاکێشێکی پڕ ئێشم
ئەرێ شیرین، زوڵەیخا، لەیلی، ئەی زینی بە ناکامم
بە مەرگی تۆیە لەرزیوە دڵی پڕ زام و ئەندێشم
هەتا ماوم لە دووی مانیش ئەبێ نەتکەم لە ئەم یادە
لە دەوری ئەو پەپوولانەت وەکوو عاشق جەفاکێشم
ئیلاهی سەبری ئەییووب و لە عەشقی خۆت خەڵاتم کەی
ئەگەر نا دەردی ئەم کۆچە ئەوەستێنێ دڵی ڕێشم

* * *

# لۆمە

به ئەشقی تۆوە زیندووم و ژیاوە جەستەکەی خەستەم
وەرە بۆ چاوی تۆم نووسی گوڵم ئەم چەپکە هەڵبەستەم
گرێکە ئاگری یادت کە کاتێ دێتە نێو خوێنم
تەب و تابی چەنێ زۆرە بە گیانت هەر گڕە جەستەم
گوڵی لێوت لە سەر لێوم کە دێتە نێو خەیاڵی تەڕ
ڕەزی چی؟ یاسەمەن کوانێ؟ چەنێ ڕەنگینە ئەم هەستەم
کە باڵای نەونامی تۆ لە ئامێزی خەیاڵ ئەگرم
هەموو دڵداری ئەم شارە وەکوو واژەن لە بۆ بەستەم
کە پەیکی پاکی چاوانت ئەنێمە سەر بە سەربەستی
تەواوی شار بکەن لۆمەم من ئەو کیژۆڵە سەرمەستەم
وەکوو سالاری گشت عالەم لە کەس باکم نیە ئازیز
دە تێکە عارەقی چاوت دەبا هەر بێژن ئەو پەستەم
لە عەشقی یاری خۆی هەر ڕۆژ گەڕاڵی شوستە و شارە
گەلێ سەربەرزی ئەو تانەم بە ناوت دێتە سەر جەستەم

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

## غەمزەدە

چاوەڕێ بووم هەر نەهاتی بێکەس و بێ یار خۆم
ئەی بە بێ تۆ من لە شارا بێ پەنا و غەمخوار خۆم
وا سنووری دوور لە تۆیی تا ئەچێ و باڵا ئەکا
ڕێگەیان وا لێ تەنیوم بەندی نێو دیوار خۆم
گیانی شیرینم لە سەر لێوارە ئەی داخی دڵم
من لە دووی کۆچی عەزیزانم لە خۆم بێزار خۆم
کەس وەکوو من چاوەڕوانی دەرکی بێ سۆزی نەبێ
ڕازی شاراوەم عەیان بوو خاوەنی ئیقرار خۆم
هەر دەڵێی شەو تیغی داناوە لە چاو، خوێن دێ لە ڕووم
ڕوو لە کام لا کەم کە ڕوخساری لە خوێن گوڵنار خۆم
من سەرم سووڕماوە لەم کارەی دڵەی بێ عارمە
وەی لە نێو تیپی ڕەفێقان غەمزەدە و بێعار خۆم
ئەو هەموو کۆچەم بە چاو دی هێشتا تامەزرۆی گوڵم
سەیری سووتانی ((شلێر)) کەن وەی بە بێ گوڵزار خۆم

* * *



evinebook.blogfa.com

# دەردی ئەوین

وەرە ئەی سـروەکەی ژیـنم بە بـێ تـۆ وشـکە گـوڵزاران
بە شانەی کە قژی خاوم، بە پەنجەی نەرمـی وەک باران
وەرە گیانــە هومێــدت بــێ تەبــەڕڕک بێنــەوە لــە ژوان
دەسی یارمان بە سەردا بێ لە کابەی پڕ سەفای یاران
لـە کابـەی باوەشـت یـا ڕەب، شـەوێ جێـی ئـەم غەریبـە
کـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەی
نــەکا خەم گیــانی بڕچێنــێ و نەگــاتە کــۆڕی دڵــداران
هــەتا کۆتـایی ژینـی مـە، ئـەبێ پـڕ بـێ لـە ئۆخـەی دڵ
نــەکا ڕۆژێ لــە بیــرت چــێ گــوڵم ڕێبــواری ڕێــی ئــاران
کەســێکم تێنەگـــەی وەڵــــڵا لـــە بـــازاڕی دڵا ئـــەوڕۆ
وەرە پیاڵە لە یەک دەین و لـە بیر کـەین کۆڕی ئازاران
ئـەقرچێ دڵ لـە ئـەو کۆسپەی کـە یـارم پایـەڕێـژی بـوو
دەدەی ئوستاد، غوڵامـت بـم هومێـدێک بـە وەکوو جاران
کـە دەتفـەرموو خـەمی عاشـق وەکوو دەردی گـران وایـە
منــی غافــڵ چ دەمزانــی دەبــم وا هەڵــوەدای شـاران
ئــەوا دەردی ئــەوین لێــی دام، شـێواوە سـەر و سـیمام
برینــدارم، دەنــاڵم، پــێچ دەخــۆم وەک گەسـتەی مــاران
تــەبیبی دەردی کـاری مـن فەقەت دەنگـی وشـەی یـارە
دە مـەیکەن با بناڵێنم وەکوو کۆست کەوتوو خەمباران

***

## زمهەریری بیٚکەسی

ویٚــدەچیٚ زامــی دڵــی تــۆ بــۆ دڵــم نەکــولیٚتەوە
ئەو گرِەی بۆمت هەبوو، هیٚنـدیٚکی کـەم بووبیٚتـەوە
مانگ و رِۆژم وەک شەوانی تاری دیلیم تیٚپـەرِانـد
خۆ نە یادت کردم و نەیش کورتە نامەت دیٚتـەوە
خۆ دڵی من وەک هەتیوی بیٚ پەنایـە و بیٚ پەسیو
بەم شەوی زستانە بۆ کویٚ دەر دەکا هـەر دیٚتـەوە
زمهـەریری بیٚکەسـی و مایـە پـووچیم سـۆز ئـەکا
تـۆش نـەماوی لـەم هەریٚمـە ساڵی جـاریٚ دیٚتـەوە
جاربــەجاریٚ دیٚنــە تانــە، لیٚــرە کرِیــارم نیــە
بـەختی خۆمـە، نیمـە گـۆ، کـاتیٚ ئـەرِۆی نایێیتـەوە
تـۆ وەکـوو کانیـاوی رِوون بـووی بـۆ دڵـی مـات و غـــــــــــــــــــــــەریب
چۆن دەبیٚ لەو ئاوە ئاخر جورعەیەک نەخوریٚتـەوە
چاوەرِیٚ بـووم هـەر نـەهاتی بیٚ رەفیٚق و یار خـۆم
بیسـتمە یـارت هــەیـە و ئیتــر وەفــات نابیٚتــەوە
یاری مـن تۆی چاوەکـەم هـەرچی هـەیـە بیٚگانـەیـە
تـۆزی چـاوەرِوانـی مـن هـەروا بـە تـۆزی پیٚتـەوە

* * *

## بەزمی دڵ

بێنە سەیری بەزمی دڵ چۆن شایی بۆ یاری دەکا
ئەم سەمایەم دەردی سەد سەرچۆپی‌گر کاری دەکا
بێنە سەیری چاوی شەهلای، وا نەقاشی کردگار
خەت بە خەت ڕەسمی دەکا، دیارە هونەرکاری دەکا
وەرنە سەیری ئەو دڵەی پڕ میهر و عەشق و پاکیە
تازە چیرۆکی وەفای ئوستوورەکان دیاری دەکا
یەک بە یەک شاری وڵاتم پشکنیوە، یەک بە یەک
گشت دەزانن ئەم دڵەی من شێتە دڵداری دەکا
کەس بە نادانی بەرەو شاری دڵم قەت ڕێ نەکا
وا گوڵی من شانشینی عەشقە سالاری دەکا
تاکوو ماوم من قوتابی مەکتەبی عەشقی ئەوم
هەر کەسێ چی خۆشە بیکا، من دڵم زاری دەکا
بۆ دەڵێن مات و پەشێو و دڵپڕە دایم ((شلێر))؟!
خۆر لە ڕووی هەڵدێ لە سایەی دڵ، ئەوینداری دەکا

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

# پیری

ڕۆژگـــاری لاوی ڕۆیـــی داخەکەم بـــۆ ڕووی گەشـــم
بـــێن تەماشـــا کەن وەریـــوە شـــاپەڕی هێـــرۆی لەشـــم
چـــوونە کـــوێ دڵـــدارەکان بـــۆ مـــن بە تەنیـــا مـــامەوە؟
وەک پەڕی کا ڕام دەژێنێ بای خەیاڵ، پووچ مامەوە
ئـاخ لـە دەردی سـەختی پیـری ئـای لـە لاوی کـەم تەمـــــــــــــــــەن
وا لە ناو چەرخی زەمەندا زۆر پەشێوم بووم بە پەن
گـەر ئـەزانی چـەن بـە داخـم بـۆ ژوانـی بـێ‌قـەرار
چاوەڕێی دڵدار بەسەر چوو چاوەڕێم بۆ سەر مەزار
وا لـە کێـوی سـەخڵەتی ژیـن، ڕۆژی شـیرین تێپـەڕی
ڕووی پەشـــێوم شـــین ئـــەگێڕێ بـــۆ ســـەمای خـــۆش دڵتـــــــــــــــــەڕێ
بـۆ نەڕۆم بـۆچی بمێـنم سـووچی بـێ‌کەسـی ئەگـرم
تێـر ئەگـرییێم بـۆ جەوانـی تـا لە دەس پیـری ئەمـرم

* * *



evinebook.blogfa.com

## چاوەڕێیی

نیشانەی دەردی هیجرانت لە چاوی لێڵما دیارە
بە قەد ئەم شیعرە شێواوەم خەمی دووریت لە دڵ بارە
هەموو ڕۆژێ بە ئاواتی سەرنجی سەر لە نوێ دیسان
دەبن لێوڕێژ چەمم هەر دوو لە فرمێسکێکی چاوەڕوان
هەمیشە پرسیارن بۆم لە بەر چی چاوەنۆڕی چیم
نە بڕیارێ، نە پەیمانێ، تەواوی هەر خەوێک بوو دیم
بڵێی دڵ کەی لە شێتی دەر بچێت و بۆم ببێت عاقڵ
بڕۆ بمرە، لە بەر چی چاوەڕێی تۆ؟ ئەی دڵی غافڵ
لە یادی چوو نەچیرێکی کە خۆی داوی لە ڕێی ناوە
بە هیوای چیت؟ مەبە ماتڵ، نیە تا بێتە هاناوە

* * *

# خەم

شێتانە دەڕۆم، لێرە کە بێ کەڵکە جیهان
بێ هۆ چەمەڕام بێتەوە کۆتا خەمەکان
هەر کەس بە هومێدێکەوە سەر پێوە دەنێ
شادی نیە، خەم دێ بە دڵم پێدەکەنێ
کەی ئەم خەمە بندارە بەجێ دێڵێ دڵم
دەمکێشێ خەمت ڕوونە بەرەو ماڵی گڵم
وا چنگی خەفەت دایدڕێ سینەی شەکەتم
لاشخۆری ئەجەل خواردی دڵ و جەرگی لەتم
نا نا خەفەتم داتنەگرێ هەستی دەروون
ماڵی خەمە چەن ساڵە دڵی شێتی زەبوون
نا ڕۆحی ((شلێر)) تۆ بڕۆ بژوێنە ژیان
جێ بێڵە ئیتر ژینی ڕەشی پڕ خەم و ژان

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

# بەشی دووەم

evinebook.blogfa.com

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## قیژەی حەز

لە لێواری
پڕ پزیسکی تەنیاییدا
وچان ئەدەم
ئای لە لوورەی سەرگەردانی و
ئای لە قیژەی ئەو حەزانەی
سەرم بڕین
لێم ناگەڕێن ئاسوودە بم ...

* * *



evinebook.blogfa.com

# مەنوو

کاتێ زنجیر لە پێی پەرتووکی
شار دەدەن
چم هەیە دەنگ
بۆ هاوار
بۆ فریا؟
ئێرە قاقرِستانی هیوایە کورِم
دەنگی وشە دەخنکێنن
گەرووی مانا هەڵدەبرِن
مانا لە قەوزاویی بێدەنگی شاردا
گیان دەدا کورِم
ئاو بۆ رِۆیشتن لە رِوو دەچێ
کەس دەنگێ بە مۆسیقای
پەپوولە نابەخشێ
ئێرە جەنگەڵی شارە کورِم
مەنوو! لە نێو هارِەی زنجیر و ئاسندا
رِۆژهەڵات
هەموو رِۆژێ

تازەتر دەڕوێ

مەنوو کوڕم.

* * *

## هێلانە

دڵم
هێشتا هێلانەی
چاوەکانی تۆ و
لانکەی هەستی ئەوینت بوو
کاتێ واتزانی مردووە و
لە سەر کۆتەی بیری رەشت
بە تیغی وشەی
تفت و تاڵ
لەت لەتت کرد.

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## ئەنفال

خوێنڕێژە
گومان
هەموو ڕۆژێ
دڵدارەکەم
ئەنفال
ئەکا ... !



evinebook.blogfa.com

## شین

تا داخ لە هەناو
بێ تاوانی لە ڕۆح
سەوز لە فرمێسک
زەرد لە ئاوەدانی
شین شین لە دووپات بوونەوە
هەموو هەناسەکانم
پێشکەشت بێ
خەم ... .

* * *

# دۆڕان

دۆڕاین ئێمە
ئەو کاتەی وا
پەپوولە سێحراوییەکان
کلوو کلوو
به سەرماندا داباری و
زەوی زەوی
هەڵمان مژی و
بووینە بووکی ئێوارە و
ئامێزێ شێت
ون بووین
لە خۆشەویستیدا
ئەو پەپوولانە،
کاتی بوون و
توانەوە و
ئێمەش چ وێران دۆڕاین بە عەشقەوە
چ وێران ...

* * *

## جەلاد

کاتێ ناوی عەشق دەبەن
لە خەیاڵما دەبمە جەلاد
قۆڵبەست دەکەم
چی خانەدانی ئەوینە
بەرەو کورسی مەرگی دەبەم
کاتێ ئەمرێ
بزەی ئۆخەی
لێوم ئەگرێ ...

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## عەشق

سەر دامەخە
چاو هەڵێنی و
بزە دەگری
بە وێنەی
"یووسف"ی میسری
شێتم مەکە
پێمەکەنە
سەرنج مەدە
بە نهێنی
مەیکە نیگا
نەکا منیش
ئاگر بگرم
وەک "زلێخا"

* * *



evinebook.blogfa.com

## غەوارە

خۆت لە باڵای
شێعرەکانم مەئاڵێنە
بەس دەس وەردە
لە ڕۆحی خەیاڵی مەندم
تۆ بە زامی جەستەی شێعرم
نائاشنای
مەرگم لە هەنگاوت ئەتکێ هۆ ئاشنا ...
خوانچەی ڕێگای ئاواتی شێت
لە باڵاما ئەپروێنێ
عەشقی وەفایی مەدە لە بەرۆک
خولیاکانت بتەکێنە
خۆت نەتزانی غەوارە بووی
ئەو کاتەی وا
تێکەڵاوی خوێن و جەستەم
هەڵوەدا بووی
هەڵوەدا ...

* * *

## هیجران

خۆزگە
قامووسی زاڵمم ورد ئەهاڕی
ئەو کاتەی وا
ئامێز لە هیجری قامەتت
وشک ئەبێت و
نیگام بێکەس لە چاوانت
سەر هەڵئەگرێ
ئاخ شەپۆلێ
وەکوو دەریا
ونم بکا و
منیش وێرانتر
لە پێشوو
عەشقاوی بم ...

* * *

## نامورادی

سەمەن
مەخوازە ژان
مابووس منم و
لەم سەرسوورٍماوەدا
میوانی ئاوریشمم
سەمەن
مات‌بوونم لە ون‌بوونی دڵە و
نامۆیی من لەم ژوانەدا
لەگەڵ نامورادیم بەرانبەر وەستاوە
تۆ بە دەنگ و ناو و زێوینی
سەخاوەت بە سەردەمێک
ئەمەوێ لەو مەگرووەمە
باشترین ژوان بە باڵام بدرووم
* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

# کۆیلە

ئەڵێم مرۆڤێکی ژیرم!
هەرچی ناوی
کۆیلەیی بێ
بەری دەگرم
دەڵێم هێندە ڕووناکبیرم
سەوزایی چی بیری وردە
ترووسکەی حەز
خۆری تاسە
دەیپەرەستم
بەڵام کە دێتە باسی تۆ
وەکوو کۆیلە
بۆ نیگایەک
کڕنۆش دەبەم
کە دەبینم
ئامێزی نەرمی سەرنجت
بووەتە حەشارگەی ڕەقیبم
ئەو ڕەشبیرەم
چی بۆنی ئازادی لێ بێت





evinebook.blogfa.com

هەڵی دەدڕم

* * *

# وتم مەڕۆ

وتم بڵیندی تواناییم
هاکا ڕمیا
بەس وشەیەکی هومێدم
لە لا بڵێ
ئەو جار بڕۆ
وتم دڵم پەرژینی هەڵتەکاندووە
هاکا ئەوەی چەن ساڵە چاندوومە
لێم بزر کا
وتم هاکا بیستت
جیهان بووە هێلانەی نفرەت و
ئێتر کەس نەبێ
بە قەد ئەمن
بیرت بکا
قاقای کێشا
قاقای کێشا
قاقای کێشا ...

* * *

# دیل

ئێوارەیە و باڵندەکان

یادی بەرزەفڕەکان

ئەپڕژیننە ناو بێدەنگیمەوە

ئێوارەیە و

بۆت دەگەڕێم

نەهاتی

دیل

شار پڕ لە خودایە و

بێچارەکان زۆرن و

بێ فریادڕەس

نەهاتی

ئەزانم

ڕێگە سەخڵەتە

عەشق

سەخڵەت دەپێوێ

گەر سەوزایی عەشق

ڕۆحت سەوزپۆش کات

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

ئێوارەکان پڕ بەم شارە
دیل سڕم ئەکا
نفرەت لەم ئێوارە
دیل ... .

* * *





evinebook.blogfa.com

## تاسەبار

دەمم
پڕ لە تەرمی ماچی موقەددەسە و
دڵم
پڕ لە تەزووی تاسەی لەبار چوو و

چاوەکانم
پڕن لە چاوەڕوانی کوژراو

من

چ

خوێنڕێژێکی غەددارم.

# ژاکاو

ئەبمە جامێ
چاوەکانت تۆمار ئەکەم
ئەبمە ڕێگا
ئێوارە هات پیاسە بکەی
ئەبمە نیگا
تا چاو برِ کا گزینگ و تین
ئەبمە چیرۆک
پێشوو بڵێت دەردی ئەوین
بەڵام ئامان
کچم ئامان
دڵت نەکەی بە ژووری ڕێبوارە دڵدار
نەکەی ڕۆڵە چاوەڕوان بی
نەتمێنێ ئارام و قەرار
نەکەی چاو ببرِیە ڕێگا
زەرد هەڵگەڕێی ڕۆژی سەد جار
دڵنیا بە کچی جوانم
فەرهاد ئەفسانەیەک کۆنە
تەنیا بۆ جارێکیش نەهات

شیرین ژاکاوە و

هەڵوەری و

لە یاد چووە و

وا لە ژێر پات.

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## گۆمی ڕەش

گوڵە سەوزێکی شێتۆکە
لە سەر ڕێگای ئاوێ چەتوون
بە هیوای عیشوە و لەنجەیەک
لە ئەم بنار بۆ ئەو بنار
دەهات ... دەچوو ...
ئاخ ڕێگری خستە سەر ڕێی
لە گۆمێکی ڕەشی مەرگا
بێ ئەوەی
تێر بێ لە نیگا
بێدەنگ خنکا

* * *



evinebook.blogfa.com

## ئێستراتژی

ئەمە ئێستراتژیە
ئێستراتژی
بێدەنگ و
حەیا بەخۆ
کە هەڵنەچم
ڕەنگە هیرۆشیمایەک لە دڵم و
هەڵەبجەیەک لە گلێنەم
سەر هەڵبدات ...
ڕەنگە ئیدی زاوزێ نەکات
سۆز و سەربەستی و تێگەیشتن
دوایین پلانی شەپۆل ئەمەیە
کێڵانی باخچەیەک لە سۆز و
دەشتێک لە سەربەستی و
ئاسمانێ لە هاوار
* * *

# بارمته

گ رۆژێ حەزرەتی چاوم
ئەهێنێ وەحیی ڕازی دڵ
کەچی دڵڕەق
لە بۆ سەلماندنی خوازیاری بارمتەی ...!!
چەنێ کاڵیت ...!!
منی شاعیری ڕووت و قووت
چ شک نابەم
لە پێناوی
قەباڵەی ماڵە هاوسێیەک بهێنم
گیانەکەم ڕازیت؟
* * *

# خۆشویستن

بەجێی
خۆشویستنەکانت
بەجێی
هاتنی ژوانت
یادگارییەکانت
هەموو ڕۆژێ
تراژێدیای خەمت
سروودی چاوت
دەڵێنەوە ...

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

## پەرژین

ئەریّ ئەکریّ ئەم ئێوارە
درگای زیندانی چاوەکانت
بشکێنی بەرەو نیگام؟
پەرژین بسووتێنی لە دەوری گلێنەت
بەرەو هەستم؟
بزەت لە سێدارە دابەزێنی
بیکەیتەوە سوورەگوڵی ژوانیّتر؟
ئەریّ ئەکریّ کەلەبچە
بە دەستەکانت توورِ دەی
خەم بتۆرێنی لە دڵم؟
چاوەڕوانی بگۆڕیتەوە بە ڕامووسان و
هیجران بکەیتەوە
بە دەستەملانەکەی جاران؟
ئەریّ ئەکریّ
لەم ئازارە مەرگاوییە ڕزگارم کەی
لە تابووتی تەنیایی دەرم بێنی و
بۆ جاریّتر





evinebook.blogfa.com

تێر بێمەوە بەرەو بەخشینەوەی

خۆشەویستیت؟

* * *

## مردنی سۆز

له گێلاسی به هەنگوین کردووتان
هەزار جار ژارم نۆشیوه
ئای عەودالان
من مردنی سۆزم پێیه
بۆ وانەی دوارۆژی کچان ...

* * *

# ڕكعەتی گوناه

سەد و بیست و چوار هەزارەمین
ڕەكعەتی گوناهە و
ئاوسم بە هزر
دادوەرێک دەكێشمەوە
پڕ لە نهێنی ڕاز
پڕ لە تۆ
سەد و بیست و چوار هەزارەمین
سەرپڕیمە
پڕ لە تیغ
لە چەقۆ
سەد و بیست و چوار هەزارەمین
قیژەم
بڵیندتر لە یاسا
لە قامووسە پیرۆزەكان
پڕ لە عەداڵەت
لە شكۆ.

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## داوی شەو

دەڵێم بڕوانە ڕۆحی من
بە بادەی غوربەتا مەستم
وەرە بنوارە جەستەم وا
لە وەرزی پووشپەڕدایە
ڕچاوە دەستی پڕ هەستم
لە نێو داوێنی حەڵقەیدا
کە کازیوەش گوزەر ناکا
بە نێو ڕۆژگاری تارمدا
ئەرێ گیانە
ئەوەی یاغی لە شەوگار و
ئەوەی هاواری فریا بوو
ئەوەی ئەیویست نەبێ نەبووا
سنوور دەمبێنی لێ دەدرا
هەموو ڕاوێ لە داوی‌دا.
ئێستاکە لە داوی شەو
کەلەبچە سازی تەنیاییم
سنووریش هێندە بەربەستە



evinebook.blogfa.com

تەنانەت تیشک هەڵناکا

کە لێی دەرچێ

* * *

## بۆچی هاتی

تۆش بێزاری
لە لافاوی خەمەکانم
تۆش غەوارەی
بە گەردەلوولی هەناسەم
ونت کردم
چ دەربەستی
گەنم گوڵ نەکا و
گەزیزە بەهار نەپێوێ
چ دەربەستی
پێکەنین بە جۆگەی ڕەشا بڕوا و
بە زەریای خنکاندن بگا
بۆچی هاتی،
چیت پێ گەیشت؟
جگە شاعیرێ شێتی
پڕ مەراق و زووخاو و
تەنیایی ...

* * *

## تەمەن کەمە

دڵنیا بە تەمەن کەمە
نامەوێ لە پرسەنامەم
تامەزرۆیی بێ کۆتاییم بۆ بنووسی
نامەوێ لە سەر گڵکۆم شین بگێڕی
تاجەگوڵینە بهێنی
بتی ناو پەرستگای
ئەوینی کاڵکەن کراوم
لێ مەشکێنە
بێ و
لە پشوودانی ئەمساڵ
تەنیا ساتێ
خۆشەویستیم بۆ بهێنە.

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## ڕووناکی عەشق

بێ ڕەحم بووی
بەردی ڕقت هاویشتە
ڕووناکی عەشقم
چ دەربەستی
ورووژاوە خەیاڵی پاک و بێگەردم
خوێنی دڵم
زابووە ناو داوێن نیگات
ئەو ئێوارەی
بە بێ بزە
پشتت کرد و
بێ بەزەیی
بەجێت هێشتم

* * *



evinebook.blogfa.com

## سەربەستی

وتت تەنیایی
سەربەستییە
بێ تەنیا
جارێ بمبینە
چەن سەربەستم ...

* * *

## ڕواندن

هەموو ئەو ڕۆژانەی
یادت ...
هیجرت ...
خۆ دۆڕاندم
سووتاندمی
ئەموەرێنێ.
هەموو ئەم تەنیاییانەی
کە تۆم ناوێ
سەوز و سوور و
هەمەڕەنگە
دەمرۆێنێ.

* * *

## وەبیرت دێ؟

وەبیرت دێ
لە بەر کابەی چاوەکانتا
چەن جار
سوجدەم بۆ دەبردی
وەبیرت دێ
نەدەهاتی
دڵ وەک ساوا
گڕووی دەگرت بۆ ئامێزت
وەبیرت دێ
بە ڕووباری ئەشکی ڕوونم
سەد تۆماری دڵدارانەم
بۆ ئەناردی
تۆ ڕۆیشتی
دڵم مرد و عەشق مەویس
سەری هەڵگرت ...

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## خەملاو

ئەسپاردەت
بوەتە پووشەڵانی کۆنە ئەوین و
ڕۆچوون
بە هەنیسکی ئێوارەیەکی چاوەڕوانا
پووشەڵان
خەملێنی خەڵەفاوی
دوایین ئەسپاردەتە
بە ڕکانی بێگوناەدا
زنجیرێکی وای لە ملما
دە ڕەشبەڵەکی هزری خۆشت
بە تراژێدیای ئەمجارەی بێکۆتاییدا
بە هەرێمی ئەوینێکی پایزەڕێزدا
دە ئەسپاردەت
بە پێغەمبەری نیگادا
کەیلی شەمی دوارۆژی بێقەراریم کە
لەوانەیە لەمە بە دوودڵێک نەبێ
عەشق دوایین گیاندانی بێت



evinebook.blogfa.com

لەوانەیە ئیتر هیچ و

مەسلەکێکیش ناوت نەبا

لەوانەیە ...

لەوانەیە ...

لەوانە ...

* * *

## کێڵگە

دڵی سوورم
کێڵگەی ئەوینت و
ڕۆحی سەوزت
هەتا مردن ئاواتی من
هەر سەرساڵێ
دەمی من و یادی لێوت
ڕۆحی ژینم
باڵی عەشق
لە سەر گەردن.

* * *

# بۆت ئەگەڕێم

له خوانت دەرکراوم و
له تیشک بێوەری
بۆت ئەگەڕێم
جاری وایە
له بەر کابە و
جاری وایە
له نێو سەرخۆشەکانی شەقامت
بۆت ئەگەڕێم
له شینایی ئاسمان چاوەڕێت دەکەم
له بەفراوی حەزەکانمدا
له چیای حەزی شاعیراندا
بۆت ئەگەڕێم
له خوانت دەرکراوم
بە گوناهی خوا
له کۆڵانەکانی ژیاندا
بێکەسترین عاشق ماوم
ڕۆژی خۆمم له بەندیخانە کردووه

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

خوانی خۆتم بۆ بکەوە ...

* * *

## کۆسپ

کۆسپە کۆسپ
ئەم کاسە سەرەش
هەتاو کوێر
پاکی پێچەوانە
ژەهر ئەمگەزێ
ئەم خۆرە تازە هەڵهاتووە
لە هەرچی مەغلووبە بێزارم.
خۆرنشین
ئەم زایەڵە
ئەبێ بگاتە گوێی بەرد
شایەدیش نیشانەیەک لە یادەکانی
گردەکەی سەیوان
درەوشینەوە لە سەر قسوور و
چۆڕیانەوە





evinebook.blogfa.com

درکاندنی تێک شکاوی ...

ڕەش بێزار مەبە لە ڕەنگی خۆت

ئەمڕۆ سپی درۆی ڕووتە درۆی ڕووت ...

***

# کانی حەز

کۆنە خەمێک هەموو شەوێ
هێندە دڵم ئەلەرزێنێ
زەوی دڵم شەقار شەقار
ڕۆژان دەم دەنێم بە کانی ئاواتەکانمەوە
ئەمەوێ هەناسەکانم
بە خوا بگەیەت
کەچی نە دەنگی من و
نە کێوی هەناسە و
نە کانی حەزەکانم
بەرچاوی خوا
ئەکەوێت.

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

## غەریب

ئای چەن غەریب ماوم
لەم ڕەوگەیە
لە بژوێنی زەوی ژینت
لە ئەو کاتەی پڕ بە دڵت
هەستی بەختەوەری ئەکەی
لە ئەو کاتەی کە ئەمبینی
لە گۆڕستانی ژیانم
بێ دەسەڵاتتر لە هەموو کات
بۆ ترووسکەی بەختەوەری
چاوەڕوانم
کەمێ جێگە لە ناو دڵتا
بۆ دڵەکەی خەمبارم کە
ئەمرۆ بێکەستر لە هەموو کات
غەریب ماوم.

* * *





evinebook.blogfa.com

# مردن

تەبیبم
با بەس بێ تیمارت
دڵ کە بیمارە
نەکا بمرم
منی هەنگاو شکاوی شێت
تەنیا مەکە
نەکا بمرم
لە ئەو ژینە
چ بێزارم
لەگەڵ دڕک هاونشینم من
بە ئەو زامە ئەتلێمەوە
کە دوور لە ئاواتم ئەمرم
هەزار ئاواتی پڕ بایەخ هەمە
لە خۆشەویستی سەرپڕم ئەمما
چ بێ کەڵک هاتمە دونیا
چ بێ بایەخ لە دونیا ئەچم
کە ئەتبینم وەکوو ئاور ئەسووتێم

پێت ئەبمە سووتک

کە نەتبینم ساتێ ناژیم

بە نەبینینیشت ئەمرم.

***

# مەرگی تریفە

شەوەزەنگێک
تریفەی مانگ عیشوەی دەکرد
جوانی خۆی جیلوە دەکرد
لە پڕ شەمشەمەکوێرەکان
دەستیان بەست و
 لە نێو ژووریٚ بیٚ دەرەتان
تریفەی مانگیان خنکاند
هەر ئەو شەوە دڵی وێڵم
بۆ هەمیشە چاوی نووقاند
* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

# خەیاڵ

هەڵۆی مەرگ
تۆ خوا نەکەی
زامی دڵم زیاتر نەکەی
لە سەر ئازیزی من لاچۆ
تۆش بۆ خەیاڵ کەمێ بچۆ
تۆ خوا بڕۆ
دڵم هێندە زامی هەیە
ئیتر زامێتر ناگرێ
جەرگم
وەک کۆتەی قەسابە
ئیتر خوا هەڵناگرێ.

* * *





evinebook.blogfa.com

# گڵکۆ

گڵکۆیەکەت باڵانوێنی
لێوەلەرەی ئەم ساڵەمە
باڵبەستەتم ئەمجارەیان
با وابێت و
ئەم گڵکۆیە
خوازبێنیم بێت
با تەختە بەردەکەی تەنیشت
سوجدەگاهی ئەم عەشقە بێت
تەلیسمم کە بۆ تالیلەکەی
نەفەس کێشانی ئاخرت
با ژوورەکەم خەڵووزخانەی
ژیانێکی شێواو بێت
با ڕەشتر بێت کاتێ کە نیت
با فرمێسکم ڕێ بپێوێ
جۆگەی سووری بێ‌کەسیم
با هەناسەکانم
ژاکاویەکەی دوارۆژت بێت

بۆ ڕۆمانێکی بێئارامی تەنیاییم ...

* * *

## فرمێسک

ئەو ڕۆژەی وا چرۆکانی دارستان مرد
بەردی کوێستان توایەوە
ئەو ڕۆژەی وا پڕ بە ئاسمان
خۆشەویستی
کرایە نێو ئاڵای بەخت و
لە ژوورێکی دەروێشیدا
بە ئاورێشمێکی نەرم
کرایە نێو دەمارەوە
وام دەزانی
ترووسکە هیچ کاتێ نامرێ
گەر ئەمزانی
هەزار دارم ئەکرد بە باڵا بۆ چرۆ
هەزار کێوم ئەکردە هێلانەی بەرد و
فرمێسکم ئەکردە زەریا و

حەزەکانیم پێ ڕێ ئەخست
دەنگی هێواش و بێ‌تینی مەلەکانم
ئەکردە شەرابی عەشق و
ئەمخواردەوە
گەر ئەمزانی ئەستێرە سریوەسریو
خۆشەویستی ئەبارێنێ
خۆم ئەکردە خۆڵی تکا و
لە ژێر ڕێژنەی بارانیا
خۆم ئەبێژا
ئێستا ئیتر چرۆ نارِوێ
بەردیش سەر هەڵناداتەوە
تا هونەرم سەرخۆش بێت و
قاقا لێدا.

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

## زام

زام لە جانتایەکی خاڵییەوە دەستی پێکرد
لە شاڵاوی فرمێسکەوە تل دەبۆوە
بەرەو دەستێکی پڕ لە هیچ
لە ئێوارەیەکی تووشەوە
شەقامەکان کورت دەبوونەوە
بەرەو غەدر ...
هەوڵ لە نادیارەکانەوە و
لە گیرۆدەبوونی داوێن بە جەرگەوە
دەستی پێکرد
زام بە زەردەپەڕی ئێوارەیەک داخزا و
لە ژوورێکی سامناکەوە
قووڵتر بوو
خزایە نێو عاتیفەوە و
دڵ بوو بە زامستان
زام لە شعوورەوە دەستی پێکرد
لە شعوورەوە
لە گیرۆدەبوونی داوێن بە جەرگەوە ...





evinebook.blogfa.com

* * *

## ژان

مۆمی خەمت دایسانە و

پەڕوپۆی جەستەی ماندووم

تک‌تک دەتکێ ...

چاوت ژیر بێ

باری ژانە و وێڵ و تەنیا

پەیامی ئازارت دەدا

ژان ...یێبەرە

چاوت پایەندازی خەمە و

هاوار دەچڕێ

هەنگاوە بێهومێدەکەت

ڕێپێوانی تابووت و

دۆڕاندن دەگرێ.

* * *

## ڕق

کە خەیاڵ

سەر بە دوایین ژوانەوە

دەنێ

ڕقی ڕەشم

دوانە

ئەزێ.

# شەپۆلی خەیاڵ

که مەسیێجیێکت
دیێتە لام
دڵم
دەریای ئارامە و
شەپۆلی خەیاڵم دەنویێ
کە جارجارە
یادت دەچیێ
چاوەڕوانم
شەپۆلی
ترسی هیجرانت
هیێندەم دەدا
بە کەناردا
ورد و خاشی
خەیاڵاتم.

***

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## خەڵوەتی شەو

لە خەڵوەتی ئەمشەومدا
کە شەو تیشکی مانگ
دەبەخشێتە دونیا
من و دڵی وەیلان و
شەمێکی نیوە گیان
لێرە تەنیاین
شەم لە ئاویلکەدا و
دڵی بێکەس
ژانی
خەمێکی نوێ گرتوویەتی
ئەم قریشکە باڵابەرزە
بۆ لە دایکبوونێکە
یان
دابڕانێکی بێکۆتایی بە کۆڵەوە؟
هەر ئەمشەو بوو
ئەستێرەیەک پڕ بە جامێ
خۆشەویستی دایە دەستم



evinebook.blogfa.com

ئەڵێ ئەمشەو تەنیا پەیکێک
میوانم بە
ئای کە شیرینە
دووری لە ژان و هەرچی ئازارە
لەگەڵ مەستی و ئاوازی خۆش
ئەستێرەیەک
بگرێتە کۆش.

* * *

## بێزوو

وشیار بن
ئەمڕۆ شایی، جلی بووکی
وشەی عەشقی
دیاری درۆ
چەپکەگوڵی کۆیلەتی
لە شەقامی گشتی شارا
ئاگری بیری ئەڕێژم
لە گۆڕێکی نفریناوی
بە ئاشکرا
ئەیاننێژم
دە وشیار بن
تاجی بووکێنی
درۆیە
ملبەن حەڵقەی سێدارەیە
بازنەکانمان
هەوسارێکن بۆ ڕاکێشان

کێ ئاگایە؟!

کێ ئاگایە؟!

بە جێژوان

حەزوکانی

بێزووی نهێنیم بە خوێنە

بێزووی نهێنیم بە خوێنە.

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

# بەشی سێهەم

evinebook.blogfa.com

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

## تەمەنی بێهوودە

چاوەکانت حەشار ئەدەی
ناهێڵی
چیرۆکی سامناکی تەنیاییت و
ئەو شەوەزەنگەی
تێی خزای
بۆم بگێڕێتەوە ...
چاوەکانت حەشار ئەدەی
لە قامووسی عەشقی ناگەی
بەر لەوەی
هەواڵ بە چاوەکانت بگات
شنەی گەیاندنەکان
دڵاودڵ دەڕوا
بێخەبەر نیم
لە جینایەتی
خەیانەتت بە عەشقم
چاوەکانت حەشار دەدەی
ڕووت لە خۆشەویستیم وەردەگێڕی





evinebook.blogfa.com

نەتزانی ڕۆحم
ڕۆحم غەیبزانی
بارەگای حەشاردراوەکانتە
تۆ لە هەرێمی
ترس و غەریبی و تەنیاییدا
وەیلانی وەیلان
چاوەکانم حەشار دەدەم
با ڕەشاوی ئەو شاڵاوەی
وێرانی ڕۆحی تۆی
بە دڵمەوە لکاند
تێنەگەی
با تەنیایی تەمەنی بێهوودەم
لێڵت نەکا
با نەزانی
چەنای چەن ساڵە
ڕیازەتکێشی بێئارامیتم
کەچی جارێکیش
لووتکەی بەرزی دڵداریمت نەدی
چاوەکانم حەشار دەدەم و

ڕەنگە جەستەم و
دڵی ناکامیشم
ڕەنگە
ئیتر نەتبینمەوە ...

* * *

## کەلەبچە

ئەم بەیانەش
لەگەڵ گزینگ
ئامێزی نیگا
بۆ چەپکێ گوڵی بیری
پشت سەرنجت ئاوەڵایە و
ونی بەڵام
من دەروێشی شەقامگەڕی نیگاکانتم
من غەریبی شاری هەرا و بێهومێدیم
بێخەبەری
چی کون و قوژبنی شارە
باسیان لە نەهاتنتە
پارکی شارم چاوەڕوانی شەوگەردیتە
ئەو شەوگەردەی شەوی بەزاند
تاریکی دەستەمۆ دەکرد
ئێرە مەیدانی ((مادەر))ە و
ماوەیەکی کەم لەمەوپێش

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



سەربەرزی سەرنجەکەت بووم

شانشینی هەرێمی چاوەچاوەکەت بووم

پڕهەرایە و کەچی غەوارە دیارم من

ئێرە مەیدانی ((زیندان))ە و

جێ پێت چاوەڕوانم دەکات

ونی بەڵام

بەرەو زیندان بۆ کوێم دەبەی

زامی جێ زاری کەلەبچە

ناسۆرە گیان

بەرەو زیندان بۆ چیم دەبەی

بەندیخانە لە مێژ ساڵە

ڕێگای کۆنە هەوارانە

خۆم دەزانم گەر تۆش نەبی

گەر نەشتەوێ

بۆ گەیشتن

بە هەواری ئاسوودەیی

ئەبێ ئەو سەخڵەتە ببڕی

تۆ پێت وتم

تاقەتی دووری ئەم شارە



evinebook.blogfa.com

جەرگبڕە

کەچی شەقام

کش و ماتی

هیجرانی لە ناکاوتە

من چی بڵێم بەو کیژۆڵە تەرزەی

لە ژوان بەجێت هێشتووە

من چی بڵێم بەو دڵەی وا

لە نێو سینەم یەکەناست کردووە

کەس ناناسم

کەس نامناسێ

کەس ناناسم

کەس نامناسێ

دە بیرەوە ...

* * *

## شەوپەرستی چاوەکانت

چاوەڕوانی
شۆڕش دەکات
دەرکە ئاوەڵایە و
لاشە لە دیلستانی
بێ تۆییدا
بێکەس
بۆ قومێ بینین
سارا دەنوێنێ
چاوەڕوانی
شەهید لە جەستەم
دەڕوێنێ
لێم تێناگەی
دەرکە ئاوەڵایە و
هێڵنجی ئاویلکە
دوایین هەناسەم
لێ دەستێنێ و

بەرەو دۆزەخی

قووڵاییترین

چاوەڕوانی

هەڵم دەدێرێ

من تەنیاترین

کۆتری ئەم هێلانە وێرانەیەم

دەرکە ئاوەڵایە و

زرەی چاوەڕوانی

خەوم دەزڕێنێ و

دەمکاتە شەوپەرستی یادەکانت

دەرکە ئاوەڵایە و

عەشق لە ئاویلکەدایە و

ژیان هومێدی لێ نایە

ئێرە دیلخانەی

هەناسەکانە

هەناسەکان لە خەمخانەی

خەمەکانتا شێت ڕێ دەبڕێ

کێ ڕێگە بۆ شێتیم دەورووژێنێ

شێتێک پەت دەچڕێ

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



له نێو سینگمدا

تێ ناگەی

نەهاتیەوە

ئەمەگناسی

تاسەی دۆڕاوتم ...

* * *



evinebook.blogfa.com

# ناڵین

مەناڵێنە
بە ناڵینت
چی زامی ژینی کۆیلەییم
دێتەوە سۆ
چی ڕووباری حەز و هیوام
وشک ئەبن
چی ئاواتی جوانەمەرگی سی ساڵەمە
کفن ئەدڕن
چی دوارِۆژی بە تاسەمە
سەر هەڵ ئەگرن
مەناڵێنە
هەر کە ناڵینت دێتە گۆ
بەردەبازی ئاسوودەییم
لە نێو شەپۆلی خەمناکا
ون دەبێت و
هاوارم سنووریش ئەبڕێ
هاکا خنکام

مەناڵێنە

هێندە ژینی پڕ ناڵەم دیوە

قامەتی شێعرم چەمیوە

هێندە ناڵەی ئاوام چەشتووە

ڕێگاکانم لێ ون بووە

مەناڵێنە

گەر ئەمجارە بناڵێنی

چی هەناسەی تازە هاتووی حەزی خۆمە

کامە ئۆخەی نەهاتوومە

هەڵئەوەرێ

چی دونیای پڕ خۆشەویستیمە

گڕ دەگرێ

تێکەڵ دەبم

لەگەڵ ناڵەت

دەبم بە هاوارەشێعر و

لە تەنیاییتدا

ڕۆ دەچم

* * *

## زامی نهێنی

هاتووم کچێ
بۆ ناسینی
گوڵی هەڵوەریوی
ڕازەکانت
بۆ بردنی جەستەی
حەزە دۆڕاوەکانت
بۆ قریشکە و
ئێش و زامت
هاتووم بۆ هەواڵت
هاتووم کچێ
بۆ هەواڵی
زامی سارێژ نەبووی
حەشار دراوت ...
غەوارەی ناو نیگای
لە پێش ئاشنات خۆم
کچێ

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



نائاشنایترووسکەی
چاوەکانت خۆم
بێ کەسی لای جەستەی
بێ گیانت خۆم
کچێ
هاتووم گوڵم لێم ون نەبێ
ئازیز منیش هەر وەکوو تۆ
دڵدارێک شک نابەم
بیتە پاڵپشتی جەستەی شەکەتم
هاتووم بۆ هەژانی
ئاواتە ژاکاوەکانت
بۆ کڕینی ماچە لە دار دراوەکانت
چاوت لە سەر یەک دامەنێ
تێر چاوم کە
تۆ و چاوانت
بە ناهومێدی لە دڵت
دەرم مەکە
دونیا کۆنە ڕێگایەکە
هەزاری وەک من و تۆی ڕێبواری



evinebook.blogfa.com

لە یاد چووە

جێم مەهێڵە

دەک پەشێوی بێدەنگیت خۆم

دەک بێکەسی غەریبیت خۆم

دەک شێتی ئەم ئێوارەت خۆم

جێم مەهێڵە

منیش وەک تۆم

بێکەسی ناو

ئەم شارە خۆم

* * *

## هەڵواسین

لە مێژە من
بە کەلەبچە و
کرەی تێغی سەر ئێسقان و
زرەی زنجیری کۆیلە بوون
ئاشنام و
ڕۆحم چووە
لەگەڵ ترسا
لەگەڵ هەڕەشەی کوشتنا
هەڵواسینی هەستی پاک و
سەربڕینی بیری ژنا
ئاویتەم و
جیا نابمەوە
من خۆم خەڵکی قەسابخانەی هەستەکانم
بە کوشتنیش
باش ئاشنام
لە مێژە من

نیگا لە جوانی ناخشێنم
لە سەر وێنەی کوشتن نەبێ
هەموو ڕۆژێ
باخچەی بێنازی چاوەڕوانی
بە خوێنی دۆعا و فریشتە و کچانیتر
ئاو دەدەم و
ڕووی گوڵان سوور هەڵدەگێڕم
لە هاوار و قیژەی تۆقاندن و
ئاور تێچوونی جەستە
ناو گلێنەم خوێناوییە و
قیناوی لە ڕقی جەللاد
من لە مێژە
لە خوا و باوک و برا و کوڕ و
لە کۆمەڵگای
سیخوڕ و دڵدارە بیر خەسارەکەم
ڕۆحم چووە
* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

## زامی ناسۆر

کەس تێنەگەی
چنگی ڕەشی ناهومێدی
مەلی سۆزی
چۆن گرتە خۆ و
چۆن ڕۆح
لە هیواکان دەرچوو و
هێز لە چۆکی پڕ هێز بڕا و
شل مرد
کەس تێنەگەی
لە بەرزاییترین لووتکەی
ژینی ڕۆژڕەشیدا
خۆرێک هەڵنەهاتە
نێو قەیرانی فرمێسکێکەوە و
جۆگە نەگەییە زەریا و
هەر لە چاڵاوی دڵشکاوێکدا
گەنی



evinebook.blogfa.com

به دەم
بزەیەکی هەڵقرچاوەوە
چۆن باسی کەم
هەواڵەکەم
قەت ناخوازم
چرکەی دۆزەخ
بێتە کەژاوی تەنیاییت
قەت ناخوازم
زەخمی وشە
بکەیتە وێنەی شێعرەوە
با وێنەی زامی ناسۆرم
له بوخچەی دڵما
هەڵ لەرزێ
قەت حەز ناکەم
پێوەدانی ئەو داخانەی
دوێشەو لە دڵم یاخی بوون
ڕژانە نێو خەونێکتەوە
ئاڵتوونی حەزت زامار کەن
هاوار سنووری سینگ

نەبڕێت و
لە سەر سفرەی ساقیە هەستفرۆشەکان
بە جام بێدەنگی خۆیتەوە و
کەچی
بە چرۆدانت بتبینن
تێناگەی تۆ
ئەم قەڵەمە بێ بەختەی من
چەن پەژیوانە لە هاوڕێییم
جارێک نەبوو
قاقای لێوێکی عاشقی
پێ بکێشمەوە
جگە لە زووخاوی دڵە فریشتەیەکەم
ئەزانی من چەنها شێعری پڕ لە عاشقی حەز و تاسەم
کردە دیاری
چەنها بیری گەورە بوونی ئۆمانیسمیم
بوو بە ئاواتی ناو شێعر و ئەمگرتەوە
هەموو حەز بوون و نەگەیین
هەموو بەر بوون و بە کاڵی
کەوتنە داوێنی بەختمەوە

ئای گیانە
قەت مەخوازە وەکوو من بی
ئەو مەرگەساتەی منی پێدا هاتم و سووتام
سامناکترین ژووری جەهەننەمە و
کە تێی کەوی
خوا عالمە
زاور و ڕۆحت دەتۆقێ و
بڕوا ناکەم
زیندوو دەرچی

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

# گومان

گومان تەنیای ژینی کردم
هێشتا دوایین نیگای سەوزت
لە دوایین ژوان
دێتە یادم
ئەبێتە سەرچاوەی بڵ و
سەرشێت و زوڵاڵ و سامناک
دێت بەرەو ڕووم ...
تۆ دەگریای
ماچی یەکبوون و ژیانت
لە من تۆقیوی ترسێکی
گەڵاڵە بۆکراو بووم و
لە چاویلکەی یاساکانا
گەندەڵی و تاوانباری و بەردەبارانم
خەڵات بوو
ڕاستت ئەوێ؟
هۆ شاخەوانی تراژێدیای حەزەکانم



evinebook.blogfa.com

گومان

بێبەزەترین دیکتاتۆرە

گومان لە خۆم

لە چمۆڵەی ترسەکانم

لە ڕابردووی پڕ گێچەڵ و

داهاتووی بێ ناونیشانم

لە برووسکەی ڕاکێشانی

ناو باخەڵی خولیایەکت

تۆ دەگریایت و

پێت وتم

گریمان ئەوا لەو دنیایش

وتیان ئەوەی خۆشت ئەوێ بۆ تۆ ...

خۆ ناتناسم ... !

نە تیکە گەنجێ لە جەستەت

نە وردەخاڵێکی شیرین

هیچ کات نەمدیت ... !

ڕاستت ئەوێ

ئەموت:

ئەگەرچی دەرزیەک

لە جەستەی ڕووتم ببینیت
ئاخۆ کۆنەپەرستەکان
ڕیاکارانی سەردەمی
منارە و گومەز و تاعوون
چ حوکمێکم بۆ دەردەکەن؟
ئازیزەکەم
هۆ کۆنەدۆستەکەم
گومانم بوو لە هەمووتان
سەرەتا لە تۆ
لە حەزت
پتر لە جەللادەکان
لە تۆ
زیاتر لە هەموویان دەترسام
ئەفسانەی پیاو و گەورەیی و شەرەف
واقیعێکی کۆنە لێرە
چەنها گوڵی تەنکەڵەی باخچە سەر نەبڕا ... !
چەن سوورەگوڵ بە ناوی پیاوەتی و شەرەف
لە ژینی خۆش بێبەش نەکرا ... !
ترسم هەبوو

تۆش وەک زۆڵەدڵدارەکانی کە
تێر لە هێشووی ڕەزی باڵام بخۆیتەوە و
تێر هەنگوینی لەشم بگری و
دواتر بە حوکمی پیاوەتی سەرم ببڕی
قەت نەمتوانی
جارێ بە دڵ
ئامێز بۆ باڵات کەمەوە
ڕاتمووسم و
بڵێم ئۆخەی ... !
لە دوای ڕۆیشتنی دوورت
هەر کەس هات
هەموو وەک تۆ
خوازیاری ماچ و ئامێز بوون
ئای کوڕەکە
لەو ساڵەوە
لەو هەموو ترس و گومانە
تەنیای تەنیام
قەت نەمدیوە
نیگایەکی خۆشەویستی

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

لە شەقاما

ئیسکۆرتم کا ...

ئەم گومانە سەرکەشانە

ڕاستییەکیان لێ نابزوێ

لە دەرگای چارەنووسەوە هاتی و

مەراقێکت چاند و

سەرت هەڵگرت

ئێستا ئەگەر چارەنووسیش

لە دەرگای تۆ وەدەرکەوێ

قژی سپی جاسووسی پەست

پەستی ئەکا

ئاوێزانی جەستەیەکی پیر و ماندووی ئەکا

ئای کە ژیان چ بازووریێکی برسی و بێ دەربەستە

چ زوو بەری ژوانی دڵدارانەی گرتم

پەشیمانم

ئەڵێم خۆزگە

هەر وەک جاران تەرز و ناسک

جەستەم وەکوو پشکۆی تازە

بۆم دەرئەکەوت



evinebook.blogfa.com

ئەمجار گیانە

هەرچی لە ژوان

دڵدارەکان سەرخۆش دەکا

بۆم دەکردی

مخابن

ئازیزە بێناز پەروەردەکەم

چ زوو

پیری درگای گرت و

سووکی کردم

چ زوو

بەری ژوانی دڵدارانەی گرتم

* * *

## چیتان ئەوێ ...؟

مەرگی هەناسەمت دیوە؟
ئەو سێدارەی ڕۆژی سەدجار
بۆ گوناهی قەت نەکردووم
هەڵخرا؟
دیوتە ژیانی پڕ لە گڕ
هزر و بیر تیا هەڵئەقرچا؟
باڵبەستەیی من ئەبینی
وەک دیلێ بە کەلەبچەوە
ڕەشاوی شەرەفت ئەدی
بۆم ئەبارا؟
ژیانم گەردەلوولێک بوو
ڕێبوار تێیدا سەرلێشێواو
بیرەوەریم بوو بە تاڵی و
خەڵووزخانەی یادەکان ... !!
چیتان ئەوێ
من بە کەس قۆڵبەست ناکرێم

من شێتی زنجیر پسێنم
داب و نەریت
لێم ڕا ئەکەن
شەپۆلی هەڵچووی مەراقم
پیاوەتی بۆ کەنار ئەبەن
هەناسەی من
لە سەر کۆتەیەکی بێ ڕۆح
دیسان ڕەگاژۆی کردووە
پەتی سێدارەم چڕیوە
تاوانم ئاور تێبەردا
تیغی ئێوە
پۆڵای مێشکم نابڕێ
ئاگری ڕق ڕووباری ژین ناسووتێنێ
کێ ئەتوانێ ڕاوم بکا؟
کێ ئەتوانێ تەواری سەر ئەو دوندانە
ماڵی بکا
چەن مێڵەم نەچەماندووە
چەن قەفەسم نەشکاندووە
بوومەتە خوێنی دەماری

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



جەستەی وڵات

من وڵاتم

هیچ دوژمنێ

پێم ناوێرێ ...

* * *



evinebook.blogfa.com

## خەمێکی شکۆدار

له دالانی ڕەش و تووشی
زووخاوێکی شینی یادت
ئا بەم نیوەشەوە تارە
بێ ئەوەی کەس لەگەڵم بێ و
کەس ئاگای له دڵم بێ
له شەقامی چۆڵی شارا
پشت کۆماوی و خەفەت له شان
ڕێگە دەگرم بەرەو ماڵە وێرانەکەت
ئازار بردوو ... !
سەرجەمی چی خەمەکانتە
له سەر و شان و مل و
له نێو دڵ و فرمێسکی پڕم
خزە ئەکا و
هاشاوڵم بۆ دەهێنین
خەمی ئەو تاجە درۆیەی تۆی کرد بە بووک
لەو ئێوارە سامناکەی کە درۆ ڕەنگاوڕەنگەکان
ئامێزیان پێ گرتیتەوە!

بزەیان پێ نواندی لە بۆ جەللاد ... !
خەمی قووڵت لە یاد نەچێ
ئەو ڕۆژەی وا هەڕاجیت بوو
لە کۆڕەکەی پیاوماقووڵان
شەشدانگی بیر و مێشکت
جەستەی جوانت
حەزی سووری مەسیحایی ناو دڵی پاکت
هەموو بوون و نەبوونی تۆ
تەنیا بە ١٩/٥ مسقاڵ کرا بە نێو کڕیارەوە ...
عەشقی پاکی کچێکی شار
بە دەستی زۆڵەدڵدارێک
کرا بە تیری تانەوە و
درا لە دار
ئەشکەنجەی ئەو شۆخەکیژەی
لە کەلیخان
لە ژێر قاوشی شەللاقا
هەستی پاکی کرا زامدار
کز دادێم و
داماو و ڕەنج بە خەسار

چۆکی ناهومێدی دادەدەم.
ئەژنۆ دەگرمە ئامێز و
کڕنۆش دەبەم لە بەردەمی ئەو هەموو کیژۆڵە حەزەی
بەهاریان نەدی
تەنانەت
خۆریشیان نەدی
جوانەمەرگە لە نێو چرکەی مەرگەژینتا
ڕات دەکێشان
وەکوو دایکێ مەیتی ڕۆڵەی ڕاکێشابێ
سەرڕێژ لە دڵشکاویتم
لێوانلێوم لەو کاتانەی تابووتی لاشەی ڕەنجەڕۆت
بە هێزی هیوایەکی نیوەڕەوان
لە غوربەتا ڕادەوەستان.
فرمێسکە هەڵقوڵیوەکان دەبن بە ئاو
بۆ باخچە بچکۆلەکەی سەر سینگت
با گوڵ بدەن
چی قوماری قاچاخییە
چی ئاواتی جوانەمەرگی نهێنییە
خەمێ مەخۆ گوڵی سوورم

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

کە فرمێسکی لە خوێنا شەڵاڵت بۆ دادەڕێژم
خۆم دەزانم
لە ئازاری ناهومێدی ئەم نیوەشەوەم چڕترت دیوە
هەزار خەم و ژانی بە سۆز
هەزار ئەشکەنجەی نائاشکرا
تەنانەت
هەزار بە ناهومێدی گەڕانەوە لە ژوانت
لە نێو بوخچەی دڵت داپۆشیوە.
تازە دڵت دەرگا دەکا و
چڵکی دمەڵی عەشقی گەن
بە سەر گۆڕتا سەرڕێژ دەکا
تازە مەرگ تابلۆی ((نەکەی))
لە سەر دەربیجەی یادتدا داکوتاوە
هێشتا هەر پشتم شکاوە و
کێوی ئازارە سەوزەکەت
لە سەر شانم ڕاوەستاوە
هەر لە بیرام چۆن وێنەی کەم؟
بۆ کچەکانی وڵاتم
ئەو جوانیە بێ وێنەیەی نێو کفنەکەت



evinebook.blogfa.com

که چۆن له ژین تۆراندیان ... !
چۆن تابلۆی کەم؟
بۆ ژنانی نێو کونجی ماڵ
ئەو دەردانەی کەس تێی نەگەی
چۆن له ژین بێ مەیلی کردی کاتی بەهار
هەر له بیرام
له زووخاوەکەی ئەمشەوم
وێنه بگرم پان و بەرین
به قەد خۆشەویستی خاکم
تۆقێنەر بێ وەکوو هەستی سەربەستی دەروونم
بۆ نەیارم
پیشانگەیەکی بۆ ساز ئەکەم
بۆ بێخەبەرترین دڵ و
بێویژدانترین مرۆڤ
دابخورپێن
دابچڵەکێن
ئاگر بگرن
وەکوو ئەمشەو که ئاگرم گرت
له گڕکانی قەت نەبینینەوەی چاوت

لە زووخاوەکەی ئەمشەوم
وێنەی بکەم بۆ ناپیاوان
کە پیاوەتی تەنک وەکوو بڵقی سەر ئاو شانۆ دەکەن
با پەی بە هیچبوونی خۆ بەرن.
من ئەمەوێ زامە مەرگاوییەکەی دواییت
کەم بە وانە
بۆ کچان و بۆ ژنان و بۆ کۆمەڵگای دیلی نەریت
هەموو ڕۆژێ بە ئاشکرا
تف لە حەیا
تف لە بێدەنگی کەنەوە
نەکا ڕۆژێ خۆشکی ژنە ئازارویێکی‌تر
کچە چکۆلەکەی دایکە دڵشکاوێکی‌تر
بێ بە قوربانی بێدەنگی و قەت نەوتن
بێ بە قوربانی ئەو حەیا دەسکردانەی
جوانی بە سۆز و حەسرەتی دایکی ڕەنجکێشیان
ژێرگڵ دەنا
بە نامەردی

* * *

## ئەستێرە

ئەم سەفەرە بێ کۆتاییە
چ بوو گوڵە گیان
بۆنی trووسکەی عەشقت
چی کۆڵانە
عەتر پرژێنی کردووە
نە بەو هەموو ئەستێرە سۆزەی
کە لە ژوانی دواییدا
پێت دام
نە بەو دوو پەپوولەی
بە جێی چاوت
بۆت جێ هێڵام
گوڵە گیان
غوربەت هەرێمێکی نفریناویە
هەڵمکێشە لە ڕامووسانی باوەشت
داباریێ بە سەر جەستەی
بەجێ ماوم لە عەشقت
ئەمە چ بوو گوڵە گیان

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

ئەمە کۆسپی عەشقە ڕەشەکانی وڵاتی منە

ئەمە حەزی ئەشکەنجەکانی عەشقە

تۆی لە چاوم حەشار داوە

ئای زولێخا دووبارەکەی

چیرۆکی ئەم هەرێمە

ئەو یووسفە حەرامزادانەی

عەشقی تۆیان

بە پاکێکی درۆ دۆڕاند

تا سەر ئێسقان حیزن

تا سەر ئێسقان حەرامزادەن

تا سەر ئێسقان درۆزنن

تا سەر ئێسقان

گوڵە گیان

ئەم زامەی کردیانە خۆرکەی مێشکت

لە وێنەی زامەکانی ناو دڵی من و دایکم و دایەگەورەمە

نامۆ نیە

گوڵەگیان

بەڵام ئێمە

بەڵێنی نەسرەوتن





evinebook.blogfa.com

بەڵێنی لووتکەمان

بە یەک دابوو

چ بوو گوڵەگیان

دە هەستەوە

وڵاتە کۆیلەکەم

هەنگاوی بە هێزی دەوێ

دڵی پڕ ئامانجی دەوێ

چاوی پڕ لە هیوای دەوێ

دە هەستەوە

مەبە بە میوانی پاییز

بەهارێکی بێپشتیوان چاوەڕێتە

دە هەستەوە

ئەوین لێرە هەڕاجە هەڕاج

بیر لە ڕاوەستان کەرەوە

دە هەستەوە ...

* * *

## تاسە

بۆچی نایەی؟
تریفەی مانگ
تیشکی هەتاو
ئاوی رووبار
ڕەش هەڵگەڕان ... !
بۆچی نایەی؟
دارسێوەکان
گۆنای سووری گوڵی ڕەز و
ڕوخساری عاشق زەرد هەڵگەڕان ... !
بۆچی نایەی؟!
خەمی دووریت پشتی شەقام دەچەمێنێ
جێژوان گریانە
هەوێنی زەردەخەنەی
جووتە کۆتری ئەم نیگایە
کە نەهاتی دونیا گەڕان ... !
ئەم شێعرستانەش

سەوزەی خەوی ڕێبوارێکن

هەموو بەیانێک زەرد

قەڵاڕووخانە لەم ڕۆحە و

مەرگ تارای ئەوینێکە

کەچی زاوا هەر مەست

هۆ شۆڕەسوارە مەستەکە

کە نەهاتی

گۆڕەپانی جلیت بازیت

دەرکەی پێڵووی لە سەر داخرا ...

مەڕۆ کەسم

کە ڕۆیشتی

تەدارەکی چڵە نێرگز نە چەپکێ

جارەداخێ

بۆ ماڵئاوایی و پرسە بوو ...

پەرداخێکی تاڵ لەون بوون

شێتم ئەکا و

بە نووسینیش ناتناسمەوە

بڵێم تۆ چی و

منیش هەر مانگ

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



تۆ ڕۆیشتی و سەری شێتم
نایە سەرینی ئەم تووڵەڕێیە
ئاڵۆزە خەو
خۆی و تەعبیری وا دەڵێن
حەسرەت پۆڵایینە و
قوفڵی دەرگای تابووتی کەل ...

* * *



evinebook.blogfa.com

## تاپۆ

له شای لۆغانی ئاگردا
پەشێو پەشێو
دارەمەیتی بزەکانم له سەر شانه
بە ڕوخی دەریای نەدامەتی
ڕوو له ئاسۆی لێڵی ئەوین
ژیان بەسەرهاتێکی بەربڵاوە
وەک ڕۆژگاری
ڕۆژ هەڵنەهاتووی تەمەنم
ڕێبوارێکی کۆڵانی ترپەی دڵ و
چرکەژمێری گەیشتن بە تاپۆیەک
له تاریکیدا
ئاویلکەیەکی سەرەخۆرە
خۆی له ڕوخسارم هەڵدەسوێ
ئاخۆ تەرمی چاوەڕوانی
کام ڕۆژمە
بۆ پاییزستانێکی سڕی ئەبا
بڵێی من و ئەم ئێوارە و

خەمە سەوزەکەی بانەمەڕ
لە تۆی کام بەڵگەی پەشۆکاودا
هەدا ئەدەین
ئەم باویلکانە نەسرەوتن
ئاواتە باوەڕێنەکانم
دەقۆزنەوە ...
هۆ شێتانی شەقام!
بە نهێنی
وردە نیگای
سەر ڕێباز کۆ کەنەوە
پەنجەی چاوەڕوانیم بگرن
بڕۆن بەرەو بێ کۆتایی
توێشووی ڕێگا
خورپەی دڵی نەرم و هێدی
ئەم ڕێبوارەن
کە بە کاکۆڵی ڕەنگ شێعراوی
پێ دەنێتە
هەوارەکەی کۆنی ژوان
هەوارەکەی چۆڵی ژوان ...

* * *

## هاوار

هاوار
تا ئەوپەڕی سنووری تەنیایی باڵا دەکا
بێدەنگی دەبێتە مۆتەکە و
گلێنەکەم کفن دەبێ
بە چاوەڕوانیەکی بێ بڕانەوە ...
تۆ شاییگێڕی زەماوەندی شەوپەرستان
دەستی کوێرەوەریت
دەبێتە چەپڵە و
هیجران بەزم دەکا
من مرواری
دەکەم بە هەیەری[1] سەر ڕوومەت و
تۆ قاقا دەکەی بە بەربەستی بینین
ئەبم بە بەندە و
دەستی تکا دەبەخشم بە بەندەپەروەر و

١- جۆرێ گوشوارەی شۆڕە

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



پێ نازانی و
شوعاری غروور دەپەیڤی
لە پشتی لووتکەی بێئاگاییتەوە
تک‌تک خوێناوی دڵ دەسڕمەوە
سەراوی ناهومێدی چڕم دەکا
من لە عەشقت وێرانترم لە سۆنامی
من عەشقم لە سێدارە داوە بۆ عەشقت
من تەنیاییم کرد بە ژیان بۆ عەشقت
من جەهەنمم کرد بە خانەخوێ بۆ عەشقت
من دڵ لەدواییم کرد بە قامووس
تەنیا و تەنیا بۆ بینینت بۆ عەشقت
کەچی تۆ فرووهەرم لە خاچ دەدەی
تۆ لە هاڕەی وێرانی دڵم کەڕ بووی کەڕ
گلێنەم کفن دەبێ و
تۆش سەرخۆشی بە سووتان
با هاوار تا ئەوپەڕی تەنیاییت باڵا کا
ئەمە قامووسی مەملەکەتی عەشقە دڵم
ئەمە قامووسی مەملەکەتی عەشقە.

* * *



evinebook.blogfa.com

# من ئەم چرکە زۆر مناڵم

خۆزگە ئازیز
بۆ جارێک بیت ...
تەنیا جارێ
وەکوو دڵدارەکەی جاران
چاوم لێکەی
خەمی تەنیایی و ئی دووری و
خەمی پیری لە ناکاویم
بۆت واتایە
خۆزگە جارێ ...
تەنیا جارێ
بتزانیایە دڵی شێتم
بە ساوایی وشک کرا
ئێستاش جارجار
کە شەپۆلی هێدی
سەرنجێکی نەرم
ڕۆح و دڵم ئەگرێتە خۆ
لەو چرکەدا زۆر مناڵم

ئەو منداڵەی
بۆ تەنیا جارێ بیبینێت
تێرتێر گریا
خۆزگە چەکی چی شۆڕشە و
چوارچێوەی چی بەندی زیندان
تۆمەتی چی خاوەن ماڵە و
تەسکەرەی پێناسەی تەمەن
بۆتی بڵێن
ژیانی دووری لە تۆیان
چەندە پووچ بوو
خۆزگە ئەو تان‌وپۆی
لە سەر قژم دانیشتووە
ڕاپۆرتی پیریم لێ نەدەن
بێنە زمان بۆ هەناسەی
هەموو کاتێکی چاوەڕوان
ئەمڕۆ ئازیز
لە هەموو کاتەکان زیاتر
یادم کردی
ئەمڕۆ بە یادی ڕابردوو

لە بەر دەرکی قوتابخانە

تێپەڕیم و

هەرچی وردە نیگا و شەرمە

چی چاوداگرتنی گەرمە

چی هات‌وچۆی لێرە و لەوێت

چی سەرنجی پڕ لە وتەت

هەمووی مابوو

بە هۆی تەمەن

تۆزی بەرپێی ڕێبوارانی

لێ نیشتبوو

هەڵمگرت و

خستمەوە تۆی دەفتەرەکەم

با شێعری ئەمڕۆی پێ بڵێم

شێعرێکی ساکار بە پاکی

ئەو چەن وشەی لە سەر

کاغەزێ بیچکۆلە

بۆمت نووسی

«خۆشم ئەوێ هەتا ئەمرم»

خۆزگە ئەو کاتەی

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

هاتیەوە بە ڕەشپۆشی

وتت مەڕۆ نایتەوە

کە پێت وتم هیچ تەلارێ

جێگەی خاڵی خۆشەویستی

ناگرێتەوە

ئەو ڕۆژەی وا خەفەتباران کرا

جەستەم

بە یاسای کۆن چەپکە گوڵێ

کەلەبچە بوو کرا دەستم

ئەو ڕۆژەی وا هەواڵت هات

سووچی بێکەسیت گرتووە

دووریت لە یادی مەکتەب و

لە خاکی وڵات کردووە

منیش گیانم بۆت بدایە

بەڵام خۆشەویستەکەم

منیش وەک تۆ

شێت و وێتم

منیش وەک تۆ چاوەڕوانی

کازیوەی ئەوینێکم



evinebook.blogfa.com

ئیتر سپێدەی بزە بێ و

لە سەر لێوم دەرناکەوێ

ئیتر مانگی خۆشەویستی

لە ئاسمانی خەیاڵمدا دەر ناکەوێ

ئەرێ گیانە دەر ناکەوێ

خۆزگە ئەو کاتەی

هەڵبەستم بووی بۆ گۆرانی

گوڵم بووی بۆ ڕێگای کانی

ئاواتم بووی بۆ بینینێک لە ڕێی مەکتەب

ئەو کاتەی وا خەمی من بووی

گەورەترین خەمی دڵم

تەنیا چرکەیەک بێیتەوە

با بۆت بڵێم

شیرینێ لە دایک نەبوو

هیچ مێژوویەک ناوی لەیلای تۆمار نەکرد

تەنیا منم دڵداری جێماوی مێژوو

تەنیا منم ئەو دڵدارەی

لە یادی دڵدارەکەی چوو.

* * *

# عاشقە ڕووتە

به شێعرێکی خەمبارەوە
دێمەوە لات
بە پەلەپەلی چرکەکان
عەشقم پێیە
کوا دڵێکی پڕ لە ترپەت
لێم وەرگرێ
عاشقە ڕووتەی سەرشەقامان ...

* * *

## یادت نەچێ

شێوەم شێواوی یادێکە
ژوور سەرپڕە لە بێکەسی
ئاورێشم میوانی نادا
سەمەن لە نیگامدا نارِوێ
گەزیزەکان گوڵی لاقژی ڕەقیبن
یادت نەچێ
ژوور خنکاوی تاپۆیەکە و
شۆڕەسوار مەستی هەوەس
بێئۆقرەییم لێوانلێوە
هاوارەکان
مۆسیقایەکی دەنگ غەریب
قیژەم لە باڵات هەڵئەچێ
هێدی هێدی
تاسەکانم لە بار دەچێ
ئاواتی من نەوەکامن
بە شایلۆغانی ئاگردا
فرمێسکێکی بێ هاوارم

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

بە شەقامی نەبڕاوەی
درۆکانتدا
لێوم وشک و
چاوم لە هەنیسک دەتکێ
یادت نەچێ
تاسەی تینووت
بە دواهەناسەی حەزێکدا
بۆ دەنێرم
بە قووڵایی تەنیاییدا
چەمانەوەم بەڕێ دەکەم
تەنیا هاوارێ سووتەکە
نە پێکەنین سەما دەکا
نە چاوەڕوانیشم لەنجە
یادت نەچێ ... !
ڕۆح سەرگەردان
لە دووری یادت
یادت نەچێ ... !
لە یاد نەچم ... !

* * *



evinebook.blogfa.com

# درۆی سپی

نیگاکانم
قەتماخەی ئەو زامانەیە
بەر لەوەی چاوم بپشکوێ
سەری هەڵدا
بەسەرهاتم
هاوارێکی شڵەژاوە
قەت نەبیسرا
لاشەی سڕم
چی بزەتە تیلیسم ئەکا
دیوانێکە قەت نەوترا
سەری شۆڕم داخستووە
لە حاستی چی درۆی سپی
چی باوەڕمە
بە یادت بەردباران کرا
ئەو گاشەیەی
بە سەر هیوای مندا درا
ئەو گاسنەی لە نێو جەرگمدا

هەڵسووڕا

بە دەستی تۆ

بە نێوی تۆ ... !

نزوولەیە دوایین تکا

ئاهێکە پڕ لە سکاڵا.

* * *

## کەلەبچە

من پیر بووم و
چاوەڕوانیم
بەستەڵەکی کەلەبچەیە
پیر بووم
ئەو شەقامە ڕووڕەشە
جارێ بەربەستی لا نەدا
ئاخ لە کەلەبچە و حەیرانی تەنیایی
تیغی زۆرە و
کەچی هەر خوێنی هەیە
ئەم زامە
کێ ئەزانێ
سەبر بە هێزە و دڵفراوان
ئای کوڕە دیلەکە
بە قەد فرمێسکی من تەنیایت و
بە قەد تەنیاییم غەریب و
بە قەد ئاواتم دوور

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

خۆزگە ئەمزانی
هۆنراوەی چاوەڕوانیم
بۆ نایەتە کۆتا
کە تۆم نەبێ
دوند سروودی سەربەستی نالێت
ئەستێرە بەزمی نامێنێ و
بڕبڕەی پشتم چەماوەیە
کە تۆم نەبێ
شێعر سوور هەڵناگەڕێ و
سەرمەست نابێ
ژوانیش بە دارەمەیتی
بێ تۆیی‌دا
بەرەو گۆڕستان
ئەڕوا.

* * *





evinebook.blogfa.com

## خەو

له ئامێزی باراناوی
حەزی نەهان
چ خەمی تازەی شەرمنە
خەو ئەبینن
هەوراز بە مەنزڵ بکەن و
کانی بکەن بە سەرچۆپی.
لە خەیاڵی بێزووکردووی
ئاواتێکی پێ نەگەییو
ئەوین ئەبێتە خاچێک و
دڵی منیش
مەسیحێکی خەراباتی
لای تەواری بێ بەزەیی بیرەکانما
چی کۆڵانی ساماڵی
پڕ لە شێتیمە
ئەبنە نێچیر
ئەکرێن زنجیر
لە شەوێکی بێ خەندەما

بە حوکمی ڕەش
تازەبووکی چاوەڕوانیم
نەفەس ئەچنن
ڕۆحی ئەکەنە مانگەشەو
بۆ بەزمی ئەو
لە نێو گۆڕی بەکۆمەڵی
عەشق و حەز و هیوا و ژیان
چی تاسەیە
دوانە ئەزێ
لە توولەڕێی
هیوایەکی بێباوکمدا
ڕێگری قین
چی جەحێڵە
سەر ئەبڕێ
بەڵام ئاسۆ
کچە عەشقنێ شێتە
بڕیار وایە بە نهێنی
چی ئەوینی لە دار دراو
چی هیوای زیندەبەچاڵ

چی تەزووی لە دڵدا شکاو
بکاتە نامەی دڵداری
لە سەر کانی بینۆشێت و
بچێتە بەزمی سەرمەستی
تا هەتایی ...

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## هیوا

شەپۆلی فرمێسک ئەبینی و
لەرزینی هەنگاوی ئەورۆم
دیاریترین هەڵبەستمە ...
خۆشەویستم
لەرزینی هەنگاوی ئەورۆم
نەتترسێنێ
ئەو لەرزینە هێز ئەگرێت و
ئەو هەورازە بڵێندانەی سەر ڕێگەم
ئەڕووخێنێ
فرمێسکی بێ ڕاوەستانم
نەکا ناهومێدت بکا
بۆیە وا جاریم کردووە
ڕچەی هەوارم نیشان دا
ئەو هەورە وا ڕووی ئاسمانی داگرتووە
دڵت نەگرێ
بەری هەتاوی گرتووە
عەشق پەروەردەی سێبەرە



evinebook.blogfa.com

با نەسووتێ
بۆم نەگرییی دیل کراوم
چنگم تیژە و هێزم زۆرە
مێڵەی قەفەس
بە هێزم ئەچەمێنمەوە
نەڵێی کچی کوردی لەخۆبایی
ئەو ڕۆژەی وا
سەری ئاسمانم دانەوان
بۆ کڕنۆشی
ئەو ڕووبارە باریکەلە
ئەگەر هاتی لەسەر ڕێگە ڕاوەستابووم
وێستاننی هەنگاو نیە
سەبری خۆمت نیشان ئەدەم
هەر وەکوو دارەکەی لاڕێ
ئازیزەکەم دەستت بێنە
با ڕێ کەوین بەرەو ئاسۆ
بەرەو هیوا
تۆزێ توند هەنگاو هەڵگرە
تۆزێ توند هەنگاو هەڵگرە.

* * *

## بۆ دایکم

قژەکانت کازیوەیە
دەر دەکەوێ
ڕووناکی بۆ چاوم دێنێ
دەستی ماندووت
وەنەوشەیە
کە دێتە گۆ
شێعری وەرە بۆ شار دەڵێ
هومێدت هەر وەک ئاسۆیە
هێز بە هەنگاوم دەبەخشێ
چاوەڕوانیت ئەو ڕێگەیە
هەوارەکەم لێ دەر دەخا
لای‌لایەکەت سروودێکە
عەشقی وەتەنم زیاد ئەکا
کە فرمێسک ئەزێتە چاوت
خەم ئەگرێ جەرگ و هەناوت

جوان هەست ئەکەم جەرگم ئەبڕێ

هێز لە ئەژنۆکانم ئەچنێ

ئەگەر ڕۆژێ دەنگی نەرمت

خوێن نەبەخشێ بە دەمارم

وشک ئەبم ...

زەرد ئەبم

ئەوەرێ جەستە و ژیانم

ئەوەرێ جەستە و ژیانم

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



# زام

هەر لە بیرام
کاتێ دیتم
خەمی دەروون
زامی کاری دڵی مەحزوون
بۆت دەر نەخەم
با نەزانی کاتێ خۆم
لە خۆم ون بووم
چیم کرد بە خۆم
بەڵام زامی ناو دەروونم
وەک خوێناوە
خوێن ئەچۆڕێ
هەرچی ئەکەم بۆم ناپۆشرێ
بە هیچ جۆرێ
بەر ڕچە کچی بە بیر مەردا
ئەڕۆیشتم
کەمکەم بە پیرەهەڵۆ ئەگەیشتم
ژیانێکی بە سەربەرزی



evinebook.blogfa.com

لە ناکاوا دڵم لەرزی
بەری ڕۆشناییم لێ گیرا
هەتاویش هەر تیشکی نەما
کاتێ هۆشم بە خۆمدا هات
خۆشی ژین کۆتایی پێهات
تازەبووکی دەس‌ڕەنگینی جوان و بە هەش
کچی کوردی وەک مریەمی مەسیحایی
پاکتر بە لەش هەڵمگرت و بە هەڵەیی
بردم بۆ ناو دەواری ڕەش
لە گەڵ کۆڕی نەزانان و هەڵەزانان کردم هاوبەش
هەر لە بیرام چۆن لە بیر کەم خەمەکانم
هەر وەیلانی دکتۆرێکم
تیماری کا زامەکانم
بەڵام کوا دەرمانێ بۆ شێرپەنجەکەی بناغەدار
کوا رچەیەک بۆ گەیشتن بە ڕێگایەکی پڕشنگدار.

* * *

شەمۆ

شەمۆ شەوگاری تارم زۆر درێژە
گرِا گرِت شەوم یەکسەر
کەمێ کەمکەم
شەوی تەنیاییم ئازارە
رِۆح لە نێو چوو
شەهۆی ژینم عەجایەب رِێگەیەکە
پرِ لە دەرد ...
شەمۆ چ شەوگارم لە جاران
رِەشترە ئەمشەو
شەکەت کەوتم
چ وێرانە ژوانی دڵ
هەتا ئەمشەو گەرم بووم
نەمدەزانی زامەکەم چەن کاریە
شەمۆ زامی دڵم خوێنە
کولاوە ...
هەر کەسەر ماوم

شەمۆ ڕوونکەرەوەی ژینی ڕەشم
جاربەجار هەروا کەمێ کەم‌کەم بسووتێ
بە کۆسپی ژین دەماری دڵ چزا
ئەمشەو چ بەدبەختم
نە ڕۆژێک بوو لە ناو ژینا
نە شەوگارێ بە دڵشادی
شەمۆ گیان تۆ بسووتێ و
من ئەسووتێم
تۆ لە بۆ من
من لە بۆ تۆ
شەمۆ گیان جاربەجار
هەروا کەمێ کەم کەم
بسووتێ ...

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## مەمترسێنە

که منداڵ بووی
برسی دەبووی
به خوێنی دەمارەکانم
ورەی ژینم بۆ ئەناردی
که ئەنووستی
له ڕەنگی شینی ئاسمان
تۆرِم ئەچنی بۆ پەرژینت
شەو تا بەیان قەرەوڵ بووم
لای لانکەکەت
که هەستایت و وەڕێ کەوتی
به هەنگاوێ جا ئەکەوتی
دەستم ڕەورەوەی ڕێگات بوو
نەک بکەوی
خوانەکردە زامار ببی
ئێستا پیرم
هێزم نییه
ببمە پەرژینی ئازارت



evinebook.blogfa.com

که وتم ناتوانم بڕۆم

بەو دەستەت وا

بە هەژاری نازم کێشا

مەترسێنە

بمبە سەر کێوی حەسرەت و

هەڵمدێرە

* * *

## شەرەف

داری ئامانج تازە چرۆی دەردەکرد و
خونچەی حەزی ئەکرایەوە
مەلەکانی گەڕەکی خۆر
لیباسی تێکۆشانیان لەبەر کردبوو ...
دەرگای سەربەستییان دەکوتا
پووشیان ئەویست بۆ هێلانە
تاوان دایکرد
ئەو مەلە بێتاوانانە هاواریان کرد
پەنا بدەن
تاوان شاپەڕمانی تەڕ کرد
بە بیرم دێ
بزەی شیرینی سەر لێویان
ببوە دۆعای پاڕانەوە
بە بیرم دێ
هاواری یارمەتی خواستن
ببوە فرمێسکێکی خوێن و
تک‌تک لە چاویان ئەچۆڕا

لافاوەکەی ڕەشی دزێو لەوانە بوو

نەفەس بچنێ

پەنایان بە شەرەف هێنا

بە نائاگا

لە کاتێک‌دا

لە ناو گێژاوی تاوان‌دا

سووڕیان دەخوارد

ئەیانبینی

شەرەف خۆی

هەوری بارانی نفوورات بوو

شەرەف هەر ئەو بارانە بوو

وا ئەباری ...

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



## سنوور

ئەم خەمەیشم با باڵا کات
وەکوو کیژی باڵابەرزی چاوەڕوانی
بە قەد بست بە بستی هیواکان
مانگەشەو قوربانی بێ هۆیەتی
ئەم شەومە و هەتاو پێبەندی سنوور
ئەگەر پرشنگی ئەستێران نوقمی تاریکی نەبێت
پڕ بەم ئاگرستانە لەرزینت بۆ ئەهێنم
ئەو کاتەی بە نێوی دەنگمدا ڕووخای
بە نێو هەواری چرکەکانمدا
وەکوو بەفر
بەسەر سەرنجە شێواوەکانمدا هاتیتە خوار و
هێدی هێدی
هەنگاوە رازاوییەکانی منت پشکنی
من بە دزەی نیگایەک پڕ بە شارێ
گۆرانیم کردە گوێزەبانی ئەم کۆرپەیە
ئادەی بڵێ ...
شەقام ... شەقام



evinebook.blogfa.com

خەمی غەریبیت بۆ بڵێم یان
ونبوون لە نامۆییدا
من قوربانی ڕەشەبام و
دەرزی چنی دڕک و داڵی نامورادی
تۆ ئاوارەی گوناهێک و
ماڵوێرانی زستانی تووش
ئەو کاتەی شار پڕ دەبێ
لە هاوار و خەم
با نەتەوە لە چیرۆکا
نەتنووسنەوە
مەڕۆ گیانە
سنوورەکان یەکجار زاڵمن
ناتگەمەوە تا جارێ‌تر
لە ئامێزی خەونە سەوزەکانت‌دا
ئارام بگرم
مەڕۆ
من هاوارێکم کە هیچ کاتێ
بە هەوارت ناگەمەوە ...

* * *

## هاوارێک و مەودایەک

دڵمەندم لێت
لە یادەکانی گەڕەکی با و
لە بۆنی خاک و باران
لە گریانی بولبول
کاتی میوانی گوڵ
لە پاکترین عەشقی ئەودیو مێڵەکانەوە
دوایین بەڵێنەکانی دوای شکاندن
گەڵاڕێزانی حەز و
پشت‌کردن لە هێلانە ...
لە خۆباییت، لە خۆبایی
لە هەڵفڕین و ئیتر نەگەڕانەوە
بێزارییە ...
ئاسۆ ... نەمانە
هەرمانە
هاوارێک و بەڵێنێک پووشپەڕ
کاتی هەڵوەرین نیە

وەرزی ڕۆیشتنت پیرێکی بێ مەودایە
ناشتت
لە سەر گوند و چیاکان
شاپەڕی گوڵی
ئەو دڵەی هەڵتوەراند
بەڵێن بێت
گەر لە هێلانە نەبێت
چاو لە تیشکی حەزت ناکەم.

* * *

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

## بازەوان

ئاورینگی باخەڵی بیرەوەری ڕۆژەکان و
زاخاوی جەستە
بازەوان
باڕەشی گەردوون و
برژانی ژیان و مردنی خۆزیا
ئەشکت خەڵاتێ بۆ میوانەکەی تووی مەلیک
ئاە و سەد ئاخی بێ بڕانەوە
بێ ئۆقرە بوون و سووکفرۆشی کردگار
هەڵوەدا و گلاراوی چاوەکانم
چنگ گرتنەوە و
چاوبڕین لە هەنگاوە شکاوەکانی
گەدایەک وتی زانی فرمێسک
لێو کرۆشتن و گەڕانەوە بۆ ڕۆژەکانی سەرچنار
بۆ جوانترین عاشقی سەردەم
چڕین و چەمینەوە
گوناهی بێ تاوانی



evinebook.blogfa.com

هەموو ڕۆژێ چاو لە هەنگاو کردن و
نەگۆڕینەوە بە هەرچی جوانی دونیا
خۆزگە هەموو ڕۆژی لەرزینی ئەو هەنگاوە
لە بەر دەرکی چاوەڕوانیمەوە
تێدەپەڕی ...

* * *

## کام ئاسۆ

مانگ و ساڵ و دڵ و پەژارەم بە یەکەوە بەندە
ئەی زەردترین دڵدارەکەم
شەرت و پەیمانت
لە ناو کام شاخی هەڵپڕووزاوی کوردستانم
لە بیر چوو
لە کام سنوور لە بیرت چووم
لە ڕوخساری سووتاوی کام هەڵۆ
لە باڵی شکاوی کام کەوی لە هێلانە دەرکراو
لێت بگەڕێم
لە کام کانی بە خوێن گیراوی کوردستان
ئاوی بیرەوەریت بخۆمەوە
لە ژووری ویرانی بەجێماوت
پیرەڕێوی هێلانەیان کردووە
جارجار سەر بنێمە جێگای دڵت
تاسەم بشکێت ... جا بێمەوە
ئەی بێ بەڵێنترین پەڕەسێلکە
لە گریانی ژێر پێ نرانی گەڵایەک

دڵم وەژان هات و
ماڵوێرانیی تۆم بیر کەوتەوە
بەڵام ئەی چۆن لە بیرت چووم
کام بنەبەرد و
نێو کام شەرەفت بۆ بگەڕێم
سەر گڵکۆی کام شەهید بچم و
لە هیجرانت هاوار بکەم
ئەو ڕۆژەی وا بێبەزەیی بەجێت هێشتم
دەمارەکانی دڵم کەوتە ژێر هەنگاوەکانت
بۆیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ
زیاتر وشک دەبم
کام گوڵی یادت بۆن کەم و
وڵاتەکەم لێ نەبێزرێ
کام شەقام لەم شارەدا بۆنی هەنگاوی تۆم پێنادا
کام سەربەستیم بۆ باس ئەکەی
بە کام بزەت بشنێمەوە
چاوەڕوانیە نازدارەکەی منت بە کێ فرۆشت
کام سەربەستیم بۆ باس ئەکەی
کام ئاسۆیە بۆ گەیشتن

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

دڵدارەکەت ژێر پێ دەنێی ...

* * *

## خێوەتی ئەوین

تۆ هەناسەی بەهارێکی
چی پاییزە لەم هەرێمە سڵ ئەکا
تۆ ڕۆحێکی سەرگەردانی
بە سەر شاخ و گوندی وڵاتمدا
تێئەپەڕی و لە دواساتەکانی ڕۆژێکدا
ئەبیتە جوانی ئێوارە و
لە هەیوانی چاوەڕوانیم ...
خێوەتی ئەوین هەڵئەدەی
تۆ هەناسەی شێعری ڕووت و
کوڕی شۆخی ناو دیوان و شێعرستانی
تۆ هێزی هیواکانمی
هەموو ڕۆژێ
هەوەڵ هەنگاوی هومێدم
پێ هەڵئەگری



evinebook.blogfa.com

تۆ ڕووباری
سێوی عەشق
لەگەڵ ڕەوت بەرەو هەوار ئەچێت و
بە قیددیسی ژوان ئەگات
تۆ بارەگای موقەددەساتی هەتاوی
هەسارەکان لە دەوری ئاسۆت ئەگەڕێن
تۆ زنجیری
حەڵقە حەڵقە
هەرێم و هەیوان و هەناسە و
ڕووبار و سێو و هەسارەکان
تێکەڵ ئەکەی
دەست لە ملی یەکیان دەکەی
تۆ ئاسۆ بە با هەر مانگ و
هەر ئەستێرە و زەوی
ژینیش سەمای حەزت
بە چۆپی هەوری دوو گیانی هیواکانت
بۆ بگرن ...

* * *

## ژن و ئەوین

بە نهێنی
بە زمانی لەنجە و نیگا
کە لێوانلێوە لە شەرما
لە پژانی بزەیەکی یەکجار نەرما
کورتە نامەیەک دەنێرم
خوایە خەت بات و پێی بگا
بە نهێنی
گۆرانیم و دڵەترپەی
ئەو کۆترەی پێبەستەیە
ئاورێ بەوە
با بەس فرمێسکی بەستزمان
بۆت بڕوانێ لە دوورەوە
بە نهێنی
سەدجار وتم خۆشم دەوێی
نووسراوە لە چاوی گەشما
کاتێ کە وەک مەم ڕادەبری
هەر تەزووی خۆشەویستیتە

دێت بە لەشما
خەیاڵێکی دوورە دەستە
نیوەشەوێک دەس بێنی بە قژی ڕەشما
بە نهێنی
ئەگەر ئەمجارە دەس بدات
وەکوو لاولاو
خۆم دەئاڵێنم لە باڵات
با دڵی ئاڵۆز و گەرمت
ساتێکیش بێت
لە هەناسەی شێتیم بگات
بە نهێنی
سەر هەڵنەگری و
سەفەر بکەی تاکەی
نیگام
تکام
چاوەڕوانیم
لە تاسەی ئەم هەورە ناگەی
«لێوم پەنجەی باخەوانێک چاوەڕوانە
بەری ماچێ لە داری بەژنی تۆ بچنێ»

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



ژوان شیعرێکی غەریب و دووردەستی
شەرەف دەوری لێ تەنیوم
هێزم نیە جەغزی قەفەس ببەزێنم
ناوت بێنم
شیعرێکی وەک تۆ جوان و بەرز
سادە و ساکار و ئێسک سووک
کەم بە دیاری و
بۆت بنێرم
گشت دەزانین بە نهێنی و بە ئاشکرا
حیکایەتی ژن و ئەوین
شیعرێکە سەرڕێژی برین
مەلێکە لە ترسی چەقۆ
خۆ دوور ئەگرێ لە هەڵفڕین.

* * *



evinebook.blogfa.com

## دیده لە خوێنا شەڵاڵ

هۆنراوەی چیت بۆ بنێرم
شێعر شەپۆلێکی شێتە
دیاری مەنگی یادەکانت دەهەژێنێ و
دیسان دەبێ مان بگرم و لە سینەت‌دا
هێور هێور بم بە باران
دڵۆپ دڵۆپ
بە چاوت‌دا بتوێمەوە
وەکوو جاران
هۆنراوەی چیت بۆ بنێرم
ئای سەد بریا
پاڵەوانی ئەم چیرۆکە
زمانی ئەشکی زانیبا
خوا هەڵناگرێ
کفرم کرد و بووم بە لەیلا
کفرم کرد و گرێی بەختم
بە لکەی نیگاتەوە ئاڵا

لە چی بدوێم کوڕەکە!

نا ... نا

غەریبە!

کامە تررووسکەی سەرگەردان

خولیایەتی

بسکی خاوی ئەم قەسیدە

لە بەر بکا

حەقمە ئێستا بم بە پرسیار

بە بەرۆکی ئەو شوستەوە

پینە کرا بە شەقامی

هەراسەوە ...

* * *

# بردن

جێم مەهێڵە
مەستی نیگام
مەخە سەر پشتی شەقام
خاتووەکەی پشت پەنجەرە و
هەناسەم و قژی سپی
بیرت دەکا
سروەی چپەی ناو کۆڵانم
ئای بە ماڵم
من ئەو چرکە چەند مناڵم
زۆر زەحمەتە
قەتارەی وشەی بەستەزمان
چی دی بدوێ لە ئەوینمان
ئای چەن سەرسام
زریان بێت و بێ هەواڵم
هەر خەیاڵە
لە ئامێزتا خۆ ببینێتەوە فاڵم

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



ئای دەلالم
من ئەم چرکە چەند منالّم
جێم مەهێڵە
زۆر زەحمەتە
سەفەر بکەی
ئەم منالّە لە بیر بکەی
فەرامۆش کەی «لادە» «لادە»
خۆت بسپێریتە دەس جادە
منیش تا سێبەر لە سەرمە
تا بێت نیگات جلی بەرمە
هەناسەیە بۆ ئەم تەرمە
چی چاوداگرتنی گەرمە
بۆ ئەتۆرێی
دیدە لە خوێنا شەلاڵم
ئای بە مالّم
کەی بێتەوە ئەو چرکەیەی
من منالّم

* * *



evinebook.blogfa.com

## شۆڕش

وەک دەڵێن
ڕۆژێکی پاییزی
لە قەد پاڵ دەشتێکی یاڵەویاڵ
منێکی کەس نەویست
گریانم بە باڵای ڕۆژێکی پاییزی
لە قەد پاڵ دەشتێکی یاڵەویاڵ
ئاشقی شۆڕش و ئازادی
دەخوێنم
قوتابیم
هەڵگری درووشمی ڕزگاریم
نیشتمان پەرستم
هەر خوێن و ئاگرە هەڵبەستم
هەواڵی چالاکی دەنێرم
شاراوە سەهۆڵی
بیری کۆن دەتوێنمەوە
من کچێکی خوێن و خەباتم
گریمان بەختەوەر

کۆڵوانەی درووشمی دەربەدەر
هاوڕێمە سەراسەر
ڕابردووش هەتا دێ کاڵترە و
شۆڕشی نهێنی وەک سەنگەر
خوداحافیز
من ئیتر لێرەوە
ناهێڵن
ناتوانم
شۆڕش کەم
ئازادی نیشتمان فیداتان
گەر توانیم سەربەستی مرۆڤێک ڕابگرم
لای‌لایەی سەربەستی
تا بەربەیان بەرپایە
لای‌لای‌لایە ڕۆڵەم لای‌لایە
مەنوو بەرخۆدان تەنیا ڕێگایە
شاخ بە شاخ ڕێگر و بەربەست
ئەی لایە لایە
مەنوو بەرخۆدان تەنیا ڕێگایە.

* * *

## ژنێک

من ژنێکی زۆر پیاوم
یەکەم جار
باوکم بوو نازناوی پیاوەتی پێ‌دام و
لە کچ‌بوونم پاشگەزی دەکردم و
بوومە قارەمانی خەیاڵ و
بەجێی میکیاج
بارووتم لە جانتام حەشار دا و
شاخ و شاخ تەوارنیشن بووم ...
دواتریش بەڵێنێکی ناوادەی دایکم بوو
کچێنی لێ ستاندم
بوومە موڵکێکی دۆڕاو و
جەستەم بووە تاوانی کەبیرە
من ژنێکی زۆر پیاوم و
بۆ سەلماندنیشی هەر خۆم
خوێنم ڕشتووە
یەکەم جار
دەستم بە خوێنی ئەوینا ڕێم سوور بوو

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

سەریم هەڵکەند

دووەم جار

دڵدارەکەی بەرامبەرم کردە بەردەبازی پیاوەتیم و

مێشکم پژاند

سێیەم جار

ژنێتی و لەنجە و لاری ژنانەم

لە پێش چاوی هەمووان سووتان

ئێستا ئیتر من ژنێکی زۆر پیاوم و

جەستەیەکی مردووم لەگەڵ خۆم هەڵگرتووە و

نە ژنم و نە پیاو و

بۆ سەلماندنی پیاوەتیم

ساڵەهایە تەنیای تەنیام ...

* * *



evinebook.blogfa.com

KURDISHeBook.com
کتێبخانەی کوردی ئەوین
@KURDISHeBook

چەن لە زووخاوەکانی دایکم ئەچیت کچێ
ڕەشاوێک لە ڕەنگی دیلی بە هەناسەیەکی سووتوو ئاساوە
هەواڵی زامە نهێنییەکانت لە زارتە وە دەگەیشن ...!
چەن لە ئاواتە جوانەمەرگەکانی من دەچیت کچێ!...

